# كاریگەری بەرنامە تەلەفزیۆنییەكانی تایبەت بە مێینە لە بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان

**پ.ی.د.ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا[١]، پ.ی.د. ابتسام اسماعیل قادر[١]، پ.ی.د. ژیا عباس قادر[٢]**

١ زانكۆی سلێمانی - كولێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان – بەشی ڕاگەیاندن
٢ زانكۆی سلێمانی - كولێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان – بەشی كاری كۆمەڵایەتی

---

مافی چاپ و بڵاوكردنەوە © ٢٠٢٠
پ.ی.د.ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا، پ.ی.د. ابتسام اسماعیل قادر، پ.ی.د. ژیا عباس قادر



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**پوختە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بە ئاگابوونە لە رادەی کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بە رەگەزی مێینە لە تەلەفزیۆنییە کوردییەکاندا لە سەر ژنان سەبارەت بەرەنگاربوونەوەی ئەو توندو تیژیانەی روبەرووی رەگەزەکەیان دەبێتەوە ، بۆ ئەم مەبەستە کارمەندە ژنانەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە نمونە وەرگیراون و فۆرمێکی پێوانەییان بەسەردا دابەشکرا، بەو پێیەی ئەو ژنانە بە دەستەبژێری نێو کۆمەڵگە دادەنرێن و دەکرێت ئەو بەرنامانە زیاتر کارایان بکات لە بواری روبەروبونەوەی توندوتیژی دژ بە رەگەزی مێینە، دوای هەڵاوێرکردنی فۆرمەکان ئەم توێژینەوەیە گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامەی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی تایبەت بە مێینە لەکەناڵە کوردییەکان بە ئاستێکی مام ناوەند لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی کاریگەرێتی کردۆتە سەر ژنان، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئەو بەرنامانە بە ئەندازەیەکی زۆر نەیانتوانیوە سەبارەت بە کەیسەکانی توندوتیژی دژ بەژنان کاریگەرێتی دروست بکەن، بۆیە ئەم توێژینەوەیە پێشنیاز دەکات، بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لەکەناڵە کوردییەکاندا زیاتر بەرەو پێش ببرێت بە تایبەت لە رووی ناوەرۆک و فۆرمەوە تا ئەو بەرنامانە بەشێوەیەکی تازەتر و سەرنجراکێشتر پەخش بکرێت.

**Abstract**

This paper aims to understand about to what extent the Kurdish TV programs with specific focuses on feminine gender have influenced the women who work among female organizations and civil society organizations to counter the violence against women, as these women regarded to be elite among society and these programs could encourage them to be more active in their roles. To this end, a sample was chosen from women among organizations as an example to be asked some questions in a questionnaire form, after analysing their answers, this research concluded that the Kurdish TV programs have a medium effect on countering violence against women. This indicates that these programs were not design to make a huge influence on the cases of violence against women; therefore, this paper suggests that the quality of the female's programs should be more developed especially in its content and forms in order to be newer and more attractive for women.

## پێشەکی:

راگەیـانـدنی بینراو لە ئێسـتـادا روبەرێکی دیـاری ژیـانی رۆژانەی مرۆڤی سـەر ئەم زەمینەی داگیرکردووە، گرنگیەکەشی رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر خۆی بەرجەستە دەکات و کاریگەری کردۆتە سەر جوڵەی کۆمەڵایەتی و فیکری و سیاسی کۆمەڵگە مرۆییەکان و بۆتە فاکتەرێکی دیاری بونیادی تاک لە رووی وەرگرتنی زانیاری و دروستکردنی بڕیارو ئەنجامدانی رەفتارەوە، لە رێگەی بەرنامە جیاوازییەکانیشـیەوە زیاد لە ئەرکێک بەجێ دێنێت، لە نێو ئەو ئەرکانەیدا بۆتە نێوەندێکی گرنگ بۆ هۆشـیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە بوارە جیاوازەکاندا، بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانەی بەدەسـت کێشە جۆراو جۆرەکانەوە دەناڵێنن .

لەم سـۆنگەیەوە بۆ هۆشـیارکردنەوەی کۆمەڵگە و بەرەنگاربونەوەی ئەو توندوتیژیانەی دژ بە ژنان دەکرێن، لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا بە هەرێمی کوردستانی عێراقیشەوە ، چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنی تایبەت بەژنان پەخش دەکرێن کە بابەتی جۆراوجۆری پەیوەست بەو پرسە دەوروژێنن.

ئەگەرچی دیاردەی توندو تیژی دژ بەژنان دیاردەیەکی کۆنە و لە زۆرێک لە وڵاتاندا هەوڵدراوە لە رێگەی داڕشـتنی یاسایەوە بەر بەو توندوتیژیانە بگیرێـت کە دەرهەق بەژنان دەکرێن، بەڵام تا ئێستا پرۆسەی هۆسیارکردنەوە بەشێکی دانەبڕاوە لەو هەوڵانەی بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژە دژ بەژنان دەدرێن، بەتایبەت راگەیاندن ناوەندێکی گرنگە لە پرۆسـەی هۆشـیارکردنەوەی کۆمەڵگەو بەرەنگاربونەوەی توندوتیژییەکانی دژ بەژنان. ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ بەئاگابوون لە رۆڵی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی تایبەت بەژنان لە کەناڵە کوردییەکاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو توندو تیژیانەی دژ بە رەگەزی مێینە دەبێتەوە، بەو پێیەی ئەم بابەتە لە رووی توێژینەوە زانسـتییەکانەوە ئاوڕی زۆری لێ نەدراوەتەوەو پێویستی زیاتری بە سەلماندنی زانستییە، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی کەلێنەکان و هەڵسەنگاندنی بەشێوەیەکی وردی زانستیانە.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوە

**١- کێشەی توێژینەوە:**

توندوتیژی دژ بەژنان بە یەکێک لە دیارترین ئەو ئاڵنگارییانە ئەژمار دەکرێت کە روبەرووی پێشـــکەوتنی کۆمەڵگە دەبێتەوە، بە جۆرێک تا ئەو کێشـــەیە چارەســـەرو بنبڕنەکرێت ناتوانرێت کۆمەڵگەیەکی تەندروســـت فەراهەم ببێت، راگەیاندن بەگشتی و بەرنامەکانی ژنان بەتایبەتی لە زۆرێک لەو وڵاتانەی دیاردەی توندوتیژی دژ بەژنان لە ئاستێکی بەرزدایە نێوەندێکی گرنگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیەو قەڵاچۆکردنی، لەسەر ئەم بنەمایە و سەرەڕای بوونی چەنـدین بەرنـامەی تەلەفزیۆنی تـایبەت بە ژنـان لە کەنـاڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکـانـدا، بەڵام بەئـاگـابوون لەو کاریگەرییەتیانەی دروســـتی دەکات لەســـەر ژنان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان، جۆرێک لە تەمومژاوی پێوەدیارەو نازانرێت تاچ رادەیەک و لە چ بوارێکدا ســـەرکەوتوو بووە، ئەو کەموکورتیانە چین کە لەو بەرنامانەدا بوونیان هەیە و پێویســـتیان بەچارەســـەرکردن هەیە، بۆیە کێشـــەی ســـەرەکی ئەم توێژینەوەیە بەئاگابوونە لە رۆڵ کاریگەرێتـــی بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لە بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان ، هەروەک دەتوانرێت لە رێگەی پرسیار گەلێکەوە کێشەی ئەم توێژینەوە بخرێریتە روو:

آ- ئایا بەرنامەکانی تایبەت بەژنان لە تەلەفزیۆنییە کوردییەکاندا توانیویانە زنیاری پێویســـت بگەێننە ژنان لەســـەر شێوزای بەرەنگاربوونەوەی ئەو توندوتیژیانەی لە دژیان ئەنجام دەدرێت؟

ب- ئایا ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنییانە توانیویانە لەسەر ئاستی ویژدانی ژنان بجولێنن لەبەرامبەر ئەو توندوتیژیانەی لەدژیان ئەنجام دەدرێت؟

پ- ئایا ئەو بەرنامانە توانیویانە کاریگەرێتی لە سەر رەفتاری ژنان دروست بکەن و وایان لێ بکەن بە شێوەیەکی کردەیی بەشداری لە هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان بکەن؟

**٢- گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە کۆمەڵێک داتاو زانیاری دەخاتە ڕوو کەشـــایەنی ئەوەیە لایەنی مەبەســـتدار بەشێوەیەکی جدی هەڵوەستە و تێڕامان و شیکردنەوەی بۆ بکەن، بەتایبەت بۆ ئامادەکارانی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی تایبەت بەژنان بەمەبەستی پێداچوونەوە بە پەیام و نەهێشتنی ئەو کەلێنانەی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان هەیانە و دارشـتنی سـتراتیجێک کەلەگەڵ پێداویسـتیەکانی ئەم سـەردەمەدا بگونجێت، هەروەها گرنگیەکی تری ئەم توێژینەوەیە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی زانســـتییە بەو پێیەی ئەم بوارە ئاوڕی ئەوتۆی لێ نەدراوەتەوەو پێویستی بە وردبوونەوەی زیاترەو توێژەران دەتوانن سوودی لێوەربگرن.

**٣- ئامانجی توێژینەوە:**

گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ئاشکراکردنی:

آ- رادەی تەماشاکردنی بەرنامەکانی تایبەت بەژنان لە لایەن خودی ژنانەوەو خستنەرووی ئەو کەم کورتییانەی ئەو بەرنامانە هەیانە کە وادەکات بەشێک لە ژنان لێی زویر بن.

ب- کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بەمێینە لەســـەر خودی ژنان لە پرســـی بەرەگاربوونەوەی ئەو توندوتیژیانەی دەرهەقیان ئەنجام دەدرێت.

پ- کاریگەرێتی بەرنامەکان لە ســـەر ئاســـتی مەعریفی ژنان لە پرســـی بەرەنگاریوونەوەی ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەریان دەکرێت.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ج- رادەی کاریگەرێتی بەرنامەکان لەسەر ئاستی ویژدانی ژنان لە پرسەکانی پەیوەست بەو توندوتیژیانەی بەرامبەریان دەکرێت.

چ- ئاستی کاریگەرێتی بەرنامانەکان لە رەفتاری ژنان بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو توندو تیژیانەی روبەرووی رەگەزەکەی دەبێتەوە

ح- ئەو جیاوازییە ئامارییانەی لە وەڵامی لێتوێژەرانی ژناندا هەیە سەبارەت بە کاریگەرێتی ئەو بەرنامانە بەپێی گۆڕاوەکانی (تەمەن، باری خێزانی، بڕوانامە، رادەی تەماشاکردنی تەلەفزیۆن)

**٤- توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژینەوەکانی پێشوو بە رەگەزێکی گرنگی توێژینەوە زانستییەکان لە قەڵەم دەدرێت و بنەمایەکی سەرەکییە بۆ بونیادنانی توێژنەوەی زانستی، بەو پێیەی لە رێگەیەوە دەتوانرێت هێڵی سەرەکی توێژینەوەکە دابڕێژێت و توێژەر خۆی لە دووبارەبونەوەی ئەو هەڵانە بەدوور بگرێت کە توێژەرانی پێشوو تێی کەوتوون، هەروەک دەتوانرێت لە رێگەیەوە بەراوردکاری لە نێوان ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەر پێی دەگات لەگەڵ دەرئەنجامی توێژنەوەکانی پێشوو بکرێت و جیاوازی و لێکچووەکان دەستنیشان بکرێت، ئەمە جگە لەوەی هەر لە رێگەی توێژینەوەکانی پێشووەوە دەتوانرێت میتۆد و شێوازو ئامرازی گونجاو و دەستنیشان بکرێت و سوود لەو سەرچاوەو فەرهەنگانە وەربگیرێت کە پێشتر پەنایان بۆ براوە.

ئەم توێژینەوە توێژینەوەیەکی پێشوی بەدی نەکرد کە راستەوخۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان پەیوەست کرابێت بە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان لە ژینگەی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام توانی دەستی بگات بەچەند توێژنەوەیەک کە بەجۆرێک لە جۆرەکان ئاوڕی لەهەردوو گۆڕاوی بەرنامەی تایبەت بەژنان و دیاردەی توندو تێژی داوەتەوە بەڵام لە چەند ژینگەیەکی تر کە نزیکن لە ژینگەی هەرێمی کوردستانەوە ، کە بریتین لەم توێژنەوانە :

آ: توێژینەوەی (زينب ليث عباس) [١]

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنە ڕووی دیاردەی توندو تیژی دژ بە ژنان و دەستنیشانکردنی هۆکار و ئەنجامەکانیەتی ، لە رێگەی تێگەشتن لەو وێنە زەینیەی کەناڵە ئاسمانییەکان لەمیشکی دانیشتوانی عێراقدا جێگیری کردووە سەبارەت بە ژنان ، ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستووە بۆ شیکردنەوەی ئەم دیاردەیە و میتۆدی روپێوی بکارهێناوە لە رێگەی دابەشکردنی فۆرمی راپرسی لە نێو کۆمەڵێک گەرەکی شاری بەغدا، توێژنەوەکە گەیشتۆتە کۆمەڵێک ئامانج لەوانە جەماوەر بەشێوەیەکی گشتی وێنەیەکی سنوردایان هەیە لەسەر ژنان کە لە ئاستێکی پێویستدا نییە، بەو پێیەی بەقووڵی رۆنەچونەتە نێو ئەو هۆکارانەی لە پشت دروستبوونی دیاردەی توندوتیژی دژ بەژنانن و رێگە چارەی گونجاویان لانییە بۆ شێوازی روبەرووبونەوەی، ئەم توێژینەوەیە چەند پێشنیارێکی خستۆتە روو لەوانە پێویستە کەناڵە ئاسمانییەکان کۆششی زیاتر بکەن لەپرسی بەرەنگابوونەوەی توندوتیژە دژ بەژنان و خۆیان لە هەموو ئەو بوارانە بەدوو بگرن کە دەبێتە مایەی زیادبوونی دیاردەی توندوتیژی دژ بەژنان.

---

(١ ) م. زينب ليث عباس، الصورة الذهنية للجمهور ازاء ظاهرة العنف ضد المراة في القنوات الفضائية، مجلة كلية التربية الاساسية، مجلة علمية محكمة تصدرمن قبل كلية التربية في جامعة المستنصرية ، العدد السابع و السبعون، ٢٠١٢، ص ص ٤٤٣-٤٦٠.

ب: توێژنەوەی (کبیر حنان) [٢]

ئامانجی ئەم توێژنەوەیە بە ئاگابوونە لە دۆخی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان بەتایبەت بەرنامەی (خط احمر) ی کەناڵی (الشروق) جەزائیری کە وەک نمونە هێنراوەتەوە، لەسەر شێوازی بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی توندوتیژی دژ بەژنان کە بە دیاردەیەکی بەرفراوان لە ولاتی جەزائیر دادەنرێت، بۆ ئەم مەبەستە تویژینەوەکە بە پشت بەستن بە جۆری وەسفی و لەرێگەی میتۆدی روپێوی و دابەشکردنی فۆرمی راپرسی بەسەر سامپڵێک لە خوێندکارانی زانکۆ گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەو بەرنامەیە سەرکەوتوو بووە لە وروژاندنی چەند دۆزێکی پەیوەست بە دیاردەی توندوتیژی دژ بەژنان و رۆڵێکی ئەرێنی لەو بوارەدا گێڕاوە، توێژینەوەکە چەند پێشنیارێکی خستۆتە روو لەوانە پێویستی گرنگی دانی زیاتر لە لایەن بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان.

پ: توێژنەوەی (عایب کوثر) [٣]

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بە ئاگابوونە لە رادەی گرنگیدانی رەگەزی مێینە بەو بەرنامانەی تایبەتن بەژنان لە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییە عەرەبییەکاندا، بۆ ئەو مەبەستە لەرێگەی میتۆدی روپێوی و بەدابەشکردنی فۆرمی راپرسی بەسەر سامپڵێک لە خوێندکاری زانکۆیی لە رەگەزی مێ، توێژنەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو بەرنامانە لەچەند بوارێکدا سەرنجی ژنانیان بەلای خۆیاندا راکێشاوە، دیارترین ئەو بوارانە بریتین لە بەزمەسات و کات بەسەربردن، هەروەک ئەو بەرنامانە لە خستنەرووی بیرۆکەی تازەدا توانیویەتی کاریگەرێتی لەسەر رەگەزی مێ دروست بکات، بەجۆرێک ژنان لەلای خۆیانەوە ئەو بیرۆکانە جارێکی تر بڵاو دەکەنەوە، جا لەرێگەی کۆمینیکەیشن و گفتوگۆی راستەوخۆوە بێت، یاخود لەرێگەی خزمەتگوزارییەکانی تۆڕی ئینتەرنێت کە بۆ رەگەزی مێ فەراهەم کراوە.

ت: توێژنەوەی (حمادي كنزة) [٤]

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئاشکراکردنی ئەو پاڵنەرانەن کە وادەکات ژنانی جەزائیر تەماشای بەرنامەی (کلام نواعم) ی کەناڵی MBC بکەن کە یەکێکە لەو بەرنامانەی بەتایبەت ئاڕاستەی ژنان دەکرێن، هەروەها دیاریکردنی ئەو بابەتانەی کەژنان لە رێگەی ئەو بەرنامەیەوە لێی سودمەند دەبن، بۆ ئەو مەبەستە بە پشت بەستن بە میتۆدی روپێوی پەنا براوەتە بەر فۆرمی راپرسی کە بەسەر سامپڵێک لە ژنان دابەشکراوە، لە ئەنجامدا دەرکەوتووە دیارترین پاڵنەری ژنان لە تەماشاکردنی ئەو بەرنامەیە وەرگرتنی زانیاری بووە، هەروەک ژنان بە تەماشاکردنی ئەو بەرنامانە کۆمەڵێک خواستیان بەدیهێناوە دیارترینیان توانیویانە بەئاگابن لەو تازەگەرییانەی لەنێو کۆمەڵگە عەرەبییەکاندا دروست بووە.

(٢ ) كبير حنان، واقع البرامج التلفزيونية في معالجة العنف ضد المراة دراسة استطلاعية على عينة من طلبة قسم الإعلام و الإتصال برنامج خط احمر انموذجا، رسالة ماجستير، قسم اتصال و صحافة مكتوبة، كلية العلوم الإجتماعية و الإنسانية تخصص ، جامعة د.مولاي الطاهر سعيدة في الجزائر، ٢٠١٦.

(٣)عايب كوثر، دور البرامج التلفزيونية النسائية في ترتيب اولويات المراة تجاه مختلف القضايا دارسة ميدانية لعينة من طالبات قسم العلوم الانسانية، رسالة ماجستير، قسم علوم الاعلام والاتصال ، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية ، جامعة العربي التبسي -تبسة في الجزائر، ٢٠١٦.

(٤ ) حمادي كنزة، البرامج الموجهة للمراة في الفضائيات العربية برنامج "كلام نواعم" نموذجا دارسة ميدانية بمدينة باتنة، رسالة ماجستير، قسم علوم الاعلام والاتصال، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، جامعة العربي التبسي -تبسة في الجزائر، ٢٠١٦.

ج: توێژینەوەی (حاجی لیلی) [٥]

ئامانج لەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ هەڵسەنگاندنی لێتوێژراوان بۆ بەرنامەی (عندما نقلك)ی کەناڵی (الحوار) ی وڵاتی تونس لە چارەسەرکردنی دیاردەی توندو تیژی دژ بەژنان لە رووی دەرخستنی قەبارەی کێشەکە و دۆزینەوەی ڕیگا چارەی گونجاو بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی ، ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی وەسفی شیکاری بەستووەو ئامرازی پرسیارنامە و تێبینی کردنی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە نمونەی توێژینەوەکە، لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە: لێتوێژراوان بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ رای خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر ئەم بەرنامەیە و پێیان وایە توانیویەتی لەماوەی دوو ساڵدا ژمارەی بینەرانی زیاد بکات و هەوڵی داوە ڕێگری لەدیاردەی توندوتیژی دژ بەژنان بکات لەم دیاردەیە باس لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تایبەت بەتوندوتیژی دژ بە ژنان ، هەروەها لێتوێژراوان باس لەوە دەکەن کە لەدوای بینینی ئەم بەرنامەیە گفتوگۆی لەگەڵ ئەندامانی دیکەی خێزانەکانیان لەبارەوە دەکەن کەبێگومان ئەمەش ڕێگایەکی باشە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری.

**سودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو:**

ئەگەرچی ئەو توێژینەوانە لە رووی کێشەو ئامانجەوە لەم توێژنەوەی ئێمە جیاوازە، بەتایبەت هەندێک لەو توێژینەوانە زیاتر بەلای کاریگەرێتی بەرنامەکانی ژنان لە بوارە جیاجیاکاندا رۆشتووە، بەڵام بەرچاو روونییەکی باش بووە بۆ دیاریکردنی میتۆدی ئەم توێژینەوەیەو شێوازی بەرەنگاربوونەوەی کێشەی توێژینەوەو گەیشتن بە ئامانجەکانی، هەروەک توێژەران توانیویانە بۆ ڕێزبەندکردن و دابەشکردنی پێکهاتەی توێژینەوەکە سوودی لێوەربگرن، ئەمە جگە لەوەی ئەو توێژینەوانە سەرچاوەکانی ئەم توێژنەوەی زیاتر دەوڵەمەند کردووە .

**٥ - تیۆری بەکارهاتوو لە توێژنەوەکەدا:**

بۆ بە ئاگابوون لەو کاریگەرێتیانەی بەرنامەکانی تایبەت بەمێینە لەسەر ژنان دروستی کردووە، ئەم توێژنەوەیە پەنای بردۆتە بەر تیۆری پشت بەستن بە ئامرازەکانی راگەیاندن و فۆرمی پێوانەییەکەی لەسەر بنەمای ئەم تیۆرە دروستکردووە، کە یەکێکە لەو تیۆرانەی هەوڵ دەدات لە رادەی کاریگەرێتی پەیامە میدیاییەکان لەسەر وەرگر دەستنیشان بکات، بنەچەی تیۆرەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مۆدێلەی هەریەک لە دیفلیر و روکیچ ساڵی ١٩٧٦ خستیانە روو کە دواتر بووە وەرچەرخانێکی گرنگ لە توێژینەوەکانی کاریگەرێتی و دیاریکردنی روخسارێکی دیاریکراو بۆ بونیادنانی ئەو تیۆرانەی راگەیاندن کە تێڕوانینێکی گشتگیر بۆ رۆڵی راگەیاندن پێشکەش دەکات، بەو پێیەی ئەم تیۆرە بەشێک لە رەگەزەکانی کۆمەڵناسی ودەروناسی لە خۆ دەگرێت و پەیوەندییە هۆکارییەکانی نێوان ئەو سیستمە جیاوازانەی کۆمەڵگە راڤە دەکات کە دەبنە تەواوکەری یەکدی، بە واتایەکی دیکە ئەم تیۆرە تێڕوانینێکی فەلسەفی پێشکەش دەکات لە رێگەی ئاوێتەکردنی گرنگی ناوەرۆکی پەیامەکانی راگەیاندن لەگەڵ ئەو کاریگەرییانەی وەرگر دوچاری دەبێت لە بەرەنجامی بەرکەوتنی ئەو ناوەڕۆکانە [٦]

(٥) حاجي ليلى، اراء المراة نحو ظاهرة العنف ضد المراة في برنامج (عندما نقلك)، دارسة ميدانية على عينة من النساء المتابعين للبرنامج بمدينة تقرت، رسالة ماجستير، قسم علوم الاعلام والاتصال، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية ،جامعة قاصدي مرباح ورقلة في الجزائر، ٢٠١٧.

(٦) د. نها عبد المقصود، نظرية الاعتماد على وسائل الاعلام الاسس و المنطلقات، القاهرة، المعهد المصري للدراسات، ٢٠١٨، ص ١

بە گوێرەی تیۆری پشــت بەســتن بە ئامرازەكانی راگەیاندن بۆ ئەوەی تاكەكانی كۆمەڵگە ئامانجە كەســی و كۆمەڵایەتییەكانیان بەدی بهێنن پێویســتە پشــت بە كەناڵەكانی راگەیاندن ببەســتن، كە لەلایەن كۆمەڵێك كەس و رێكخراوو گروپەوە بەڕێوەدەبرێن و توانیویانە كۆنترۆڵی كۆكردنەوەو لە بێژنگ دان و بڵاوكردنەوەی زانیارییەكانیان بكەن، ســەرئەنجام ئەو ســەرچاوانە كاریگەرێتی دەكەنە ســەر وەرگرەكانیان، لە ســەر ئەم بنەمایە ئەم تیۆرە ئەوەش دەخاتە روو لەبەرەنجامی پشت بەستنی تاكەكان بە ئامرازەكانی راگەیاندن سێ جۆر كاریگەرێتی لەسەریان دروست دەبێت، كە بریتین لە كاریگەرێتی مەعریفی (زانیاری وەرگرتن) ، كاریگەرێتی ویژدانی و كاریگەرێتی رەفتاری، لەرێگەی كاریگەرییە مەعریفییەكانەوە ، تاكەكان دەتوانن زانیاری تەواویان دەســتكەوێــــت و ئەو دۆخە تەم و مژاویانە بڕەوێننەوە كە بۆ بوراێك هەیانە ئیدی دەتوانن راڤەی گونجاو بۆ روداوەكان بكەن و بۆچون و بایەخبەندیان گەڵاڵە بكەن و ســیســتمی بیروباوەڕەكانیان بەرفراوان بكەن، هەرچی كاریگەرێتی ویژدانییە بریتییە لەو هەســت و ســۆزە مرۆییانەی كەناڵەكانی راگەیاندن لە ناخی تاكەكاندا دروستی دەكەن لە خۆشەویستی و رق و كینە و ترس و دڵە راوكێ و پشــتگیری ســۆزداری بەرامبەر بابەتە جیاوازەكان، ســەبارەت بە كاریگەرێتی رەفتاریش ئەم تیۆرە پێمان دەڵێت لە بەرەنجامی پشــت بەســتن بە ئامرازەكانی راگەیاندن تاكەكان كۆمەڵێك رەفتار دەنوێنن ، جا ئەو رەفتارانە رەفتارێكی چالاكئامێز بێت یاخود رەفتارێكی بێباكانە، بۆنمونە راگەیاندن دەتوانێت لە كاتی پرۆســەی هەڵبژارندا كاریگەرێتی لەسەر تاكەكان دروست بكات تا بەشداری لە دەنگدان بكەن، دەشتوانێت وایان لێ بكات بەشداری نەكەن [٧].

گرنگی ئەم تیۆرە لەوەدایە زۆرێك لە توێژینەوە زانستییەكان پشتی پێ دەبەستن بۆ ئاشكراكردنی كاریكەرێــــ كەناڵەكانی راگەیاندن لەسەر تاكەكان ، بەتایبەت لەهەر سێ بواری مەعریفی و ویژدانی و رەفتاریدا .

---

(٧) المصدر نفسه، ص ص ٤-٥

**بەشی دووەم: چەمکەکانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوە لە رووی تیۆرییەوە رۆشـــنایی دەخاتە لەســەر کۆمەڵێک چەمک و بابەت کەتایبەتن بەکرۆکی توێژینەوەکەو پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت:

**1- کاریگەرێتی راگەیاندن:**

ئەو شوێنەوارەیە کە پەیامی راگەیاندن لە هزرو ناخ و رەفتاری وەرگردا دروستی دەکات، بەو واتایەی هەچ کاتێک وەرگر وەڵامدانەوەی بۆ پەیامی راگەیاندن هەبوو ئەوا کاریگەرێتی راگەیاندنی لەســەر دروســت بووە، ئەم کاریگەرێتیەش بەرهەمی ئاوێتـــەبوونی تایبەتمەندییەکانی هەردوو رەگەزی پەیام و وەرگرە کە دەبێتە مایەی کارلێکی جەماوەر بە دەزگاکانی راگەیاندنەوە (٨).

دەزگاکانی راگەیاندن بۆ ئەوەی کاریگەرێتی دروست بکەن هەوڵ دەدەن پەیامەکانیان بەشێوازێک دابرێژن لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ئەو جەماوەردا هەڵبکات کە مەبەستیانە تا بەلای خۆیاندا رایانبکێشـن، لەبەرامبەردا جەماوەر بۆ چەند هۆکارێکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ راگەیاندندا دەکان، مامەڵەی جەماوەر لەگەڵ پەیامەکانی راگەیاندن لەســەر بنەمای بەهاو توانایەتی لە تێرکردنی خواســت و ئارەزووەکانیان، هەموو ئەو بوارانەش بەگوێرەی چێوە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتوری و سیاسی و دەرونی گۆڕانی بەسەردا دێت (٩).

**٢- بەرنامەی تەلەفزیۆنی:**

شێوازێکە بۆ پیشاندانی بابەتێک لەرێگەی ناوەڕۆک و فۆرمێکی دیارکراوەو لەشاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە پەخش دەکرێـــت، هەروەها دەتوانین بڵێین بەرنامەی تەلەفزیۆنی بریتییە لە فۆرمێکی هونەری کە وادەیەکی زەمەنی دیاریکراوی هەیە بۆ ئەوەی بابەتێک لە بابەتەکان تیایدا نمایش بکرێت لەرێگەی بەبەکارهێنانی ژانرێک یاخود چەند ژانرێکی جیاجیا (١٠).

بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان جۆراو جۆرن تائێســتا یەک دەنگییەک نەهاتۆتە ئارا بۆ پۆلێنکردنیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا زۆربەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان هەوڵ دەدەن لەرێگەی بەرنامەکانیانەوە ئەرکەکانی راگەیاندن لە بوارە جیاجیاکانی هەواڵ و زانیاری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووریی، کات بەسەربردن بەنجام بگەیێنن، بەشێوەیەکی گشتی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان لە رووی فۆرمەوە چوار فۆرمی دیاری هەیەو لە رێگەی ئەو فۆرمانەوە پەیامەکانی دەخاتە روو کەبریتین لە فۆرمی دایەلۆگئامێز (حیواری)، دیکۆمێنتەری، دراما و پێشبڕکێ (١١).

**٣- بەرنامەی تەلەفزیۆنی تایبەت بە ژنان**

بریتییە لەو بەرنامە تەلەفزیۆنییانەی ئاڕاســتەی رەگەزی مێینە دەکرێن بە بێ جیاوازی تەمەن، بە مەبەســتی فەراهەمکردنی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی کە تێیدا ژنان بتوانن وەک پێویســت رۆڵی خۆیان بگێڕن و شــاد بن بەمافە

---

(٨) ابراهيم عمر يحياوي، تاثير تكنولوجيا الاعلام والاتصال على العملية التعليمية في الجزائر، عمان، دار اليازوري ، ٢٠١٦، ص ٢٢

(٩ ) السعيد بومعيزة، اثر وسائل الاعلام على القيم والسلوكيات لدى الشباب،رسالة ماجستير، جامعة الجزائر كلية العلوم السياسية والاعلام، قسم علوم الاتصال، ٢٠٠٥، ص ص ٢٩-٣٠

(١٠) كرم شلبي، معجم المصطلحات الاعلامية، بيروت ، دار الجيل ، الطبعة الثانية، ١٩٩٤، ص ٧٧٣

(١١) كبير حنان، مصدر سابق، ص ١٢٣.

بنەڕەتییەکانیان، لەڕێگەی بونیاتنانی خێزان و کۆمەڵگەیەک کە ڕێز لە تواناکانیان بگرێت و هەموو ئەو جیاکارییانە ڕەت بکاتەوە کە دژی ژنان ئەنجام دەدرێن[١٢].

فۆمەکانی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی تایبەت بە ڕەگەزی مێینە هەمە چەشنن، هەندێکیان لەشێوەی دراما یاخود بەرنامەی هەمەڕەنگەکانن هەندێکیشیان لەشێوەی بەرنامە دایالۆگئامێز (حیواری) یەکانن[١٣]، بەڵام دیارترین فۆمی بەرنامەکانی تایبەت بەژنان بەرنامە دایەلۆگئامێزەکانن بەتەواوی جۆرەکانییەوە لە سیمناری جەماوەری و تۆک شۆ و چاوپێکەوتن و دیبەیت گفتوگۆ، کە تیایدا پێشکەشکار میوانداری کەسێک یاخود چەند کەسێک دەکات بۆ تاوتوێکردنی بابەتێکی دیاریکراو، سەرکەوتنی ئەو بەرنامەش بەندە بەسەرکەوتنی ڕەگەزەکانی بەرنامەکە لە ڕووی بابەت و میوان و جۆری پرسیار و باشی و پێشکەشکردن و نمایشکردنی بۆ بینەران [١٤] .

کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە هەرێمی کوردستاندا کە لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەشێوەیەکی لۆکاڵی دەستی بە پەخشی بەرنامەکانی کردوو لە ساڵانی ١٩٩٩ و ٢٠٠٠ بەرەو بەخشی ئاسمانی هەنگاوی نا هەر لەسەرەتاوە بەرنامەی تایبەت بەژنان لە زۆرێک لەو کەناڵانەدا پەخشکران، کە هەندێکیان لەلایەن ڕێکخروەکانی تایبەت بەژنان ئامادە دەکران هەندێکیشیان لەلایەن خودی کەناڵەکانەوە ئامادە دەکرا، هەوەک لە نێو بەرنامەکانی دیکەی ئەو کەناڵانەدا زۆرجار ژن بەشداری پێکراوە یاخود ئاوڕی لێ دراوەتەوە، بەڵام ئەم ئاوڕلێدانەوەیە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە، هەندێجار بۆتە جێگەی ڕەخنە بەو پێیەی ئەو بەرنامانە نەیانتوانیوە وەک پێویست وێنەی ژنان پیشان بدەن [١٥].

**٤- توندوتیژی:**

بریتیە لە بەکارهێنانێکی ڕێگە پێنەدراوی هێز کە بەچەندین ڕێگا و شێوازی جیاواز بەکاردێت بەمەبەستی ئازار گەیاندن بە کەسی بەرامبەر یان زیان گەیاندن بە داهات و سامان و موڵک و ماڵی یان سزادان و چونە ناو ژیانی تایبەتی کەسێک بەبێ ڕەزامەندی خۆی [١٦]، هەروەک زاراوەی توندوتیژی ئاوێتەی زۆرێک لە لقەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان بوە، کە لەڕوانگەی خۆیانەوە شیکردنەوەی بۆ دەکەن بۆ نمونە لەڕووی یاساییەوە بریتیە لە بە کارهێنانی هێز و زۆرە ملێ و تۆقاندن و هەڕەشە لێکردن بەرامبەر کەسێک یان لەناوبردن و وێرانکردنی موڵک و ماڵ و سامان [١٧]، لەڕووی سایکۆلۆجییەوە بریتیە لە هەست کردن بە تورەبون و شەڕانگێزی کە دەبێتە پاڵنەرێک بۆ دەرکەوتنی ڕەفتارێکی دیاری فیزیکی یان کردنی کارێک کە ئامانج لێی لەناوبردنی کەسی بەرامبەرە [١٨]، لەڕووی سوسیولوجییەوە شێوەیەکە لە شێوەکانی لەناوبردنی مادی یان دەرونی یان هەڵچونی یان سێکسی کەسێک لەلایەن

(١٢) عايب كوثر، مصدر سابق، ص ٥٩.

(١٣) المصدر نفسه، ص ص ٦٤-٦٥.

(١٤) حسيني وليد، البرامج الحوارية في القنوات الفضائية الجزائرية، مجلة الدراسات الاعلامية، برلين، المركز الديمقراطي العربي العدد الثالث، يونيو ٢٠١٨، ص ٢٦٥.

(١٥) شێرکۆ جەبار، وێنەی ژن لە نێوان واقع و تەرزگەرایی جێندەری لە میدیای کوردیدا، پەراوێکی توێژنەوەییە پێشکەشکرا بە یەکەمین سیمپۆزمی هاوبەشی هەردوو سەنتەری توێژنەوەی جێندەری زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی و زانکۆی جیهان لە بارەی پرسی ژن لە کایەکانی میدیا و ئابووری و یاساو رامیاریدا، ٢٠١٩.

(١٦) حسنين ابراهيم وفيق، ظاهرة العنف السياسي في نظم العربية، بيروت ، مركز دراسات الوحدة العربية، ٢٠٠٥، ص ٤١

(١٧) محمد نور فرحات ، ملاحظات حول بعض مشاهد العنف في المجتمع المصري، القاهرة، دار الثقافة، ٢٠٠٥، ص١٢

(١٨) جمال معتوق ، مدخل الى سوسيولوجيا العنف، القاهرة، دار الكتاب الحديث، ٢٠١٢، ص١٧

کەســێکی تر بەبەکارهێنانی هێز و دەســەڵات بەمەبەســتی هێنانەدی ئامانجێکی دیاری کراو یان بەرژەوەندیەکی تایبەت[١٩].

**٥- توندوتیژی دژ بەژنان:**

توندو تیژی دژ بە ژنان ئەو ئاکار و کردارەیە کە لە دژی ژن پیادە دەکرێت ئەو ژنە خێزان، دایک، خوشک ، کچ ،....هتد دەگرێتەوە کە بەرهەمی نایەکسانی و چەوساندنەوە و نەهامەتی و دوژمنکاری ناهاوسەنگ و نابەرامبەری نێوان ژن و پیاودا بەدی دەکرێت [٢٠].

دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نەرێنی جیهانیە لەلایەن کەسێک یان زیاتر یان دەزگایەک پیادە دەکرێت بەشــێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو کە بریتیە لە هەڕەشــەکردن کارپێکردنی بەزۆر ، بێبەشــکردنی نامرۆییانە لە ئازادیەکان جا لەژیانی تایبەت بێت یان گشتی [٢١]

پیاوان بەکەســی توندوتیژکار بەرامبەر بەژنان لە قەڵەم دەدرێن کە هێز و دەســەڵاتی خۆیان بەکاردەهێنن بۆ چەوساندنەوەی ژنان و خۆزاڵکردن بەسەر ژنان و سەپاندنی فەرمان و مەرجەکانیان، بەم شێوەیە ژنان دەکەنە پاشکۆ و ســوکایەتیان پێدەکەن ناچاریان دەکەن بۆ خۆبەدەســتەوەدان وە ئەم ڕەفتارە لەنێو هەموو چین و توێژەکاندا بەدی دەکرێت [٢٢].

کەواتە توند و تیژی دژ بە ژنان لە پێناسە تیۆریەکەیدا بریتیە لە هەر ڕەفتارێکی نامرۆڤانە لەلایەن پیاوانی بنەماڵە لە دژ ژنانی بنەماڵە یان زۆر جار لەدەرەوەی بنەماڵەش ئەنجام دەدرێت و تیایدا ژن ناچار دەکرێت بۆ پاشــکۆیەتی و ملکەچ بوون کە ئەمەش شوێنەواری جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتی درێژخایەن و مەترسیدار لەسەر خودی ژنەکە بەجێدەهێڵێت کە بە ناڕاستەوخۆ کاریگەی نەرێنی لەسەر منداڵ و پەروەردەکردنی بەجێدەهێڵێت.

**٦ - جۆرەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان:**

آ: توندوتیژی فیزیکی (جەســتەیی): لە بڵاوترین جۆرەکانی توندوتیژیە لە جیهاندا کە پیاو ئەندامەکانی جەســتەی یان هەر ئامێرێکی دیکە بەکاردێنن بەمەبەستی ئازاردانی ژن و شوێنەوارەکانی بەڕوونی بەسەر لاشەی ژن دیارە ئەگەر کۆتایی بە ژیانی ژن نەهێنێت لە زۆربەی کاتەکان پێویستی بە چارەسەری پزیشکی هەیە [٢٣].

ب: توندوتیژی زارەکی: لەمەترســیدارترین جۆرەکانی توندوتیژیە کە دەرهەق بە ژنان و کچان ئەنجام دەدرێت بەوپێیەی کە شــوێنەواری قووڵ و درێژ خایەن لە ناخی کەســەکان بەجێدەهێڵێت بەتایبەت ئەگەر زیاتر لە جارێک دووبارە بێتەوە و ڕەنگە ژن دوچاری شڵەژانی دەروونی بکات [٢٤] .

پ: توندوتیژی ســێکســی: لێرەدا پیاو ســود لە هێزی بازووی وەردەگرێت بۆ ئازاردان و بەکارهێنانی ژن لەڕووی سێکسی جا ئەگەر لەلایەن مێردەوە بێــت، واتە گوێ نەدان بەژن و حەزوئارەزوی لەکاتی پەیوەندی سێکسی ، یاخود

---

(١٩) منال محمد عباس ،العنف الاسري رؤية سوسيولوجية الاسكندرية ،، دار المعرفة الجامعية، ٢٠١١، ص ٢٢

(٢٠) کنێر عەبدولا، توندوتیژي وەزیفي دژ بە ژنان لە فەرمانگە حکومیەکاندا، سلێمانی، دەزگای جاث و پەخشي سەردەم ، ٢٠٠٧ ، ل٢٣

(٢١) هادی محمود ، توندوتیژی دژ بە ژنان ، و: جەمیلە شێخ محمود، سلێمانی ، رێکخراوی ئاسودە، ٢٠٠٢ ، ل ٢٠

(٢٢) احسان محمد حسن ، رواد الفكر الاجتماعي ، بغداد، دار الحكمه، ١٩٩١ ، ص ٢٣٨

(٢٣) چنور فەتحی، توندوتیژی بنەماڵەیی، سلێمانی ، لە بلاوکراوەکانی یەکێتي ژنانی کوردستان، ٢٠٠٩، ل ل ١٥٨-١٦٤

(٢٤) نەسرین کوردە، توندوتیژي دژ بە ژنان ، گۆڤاری تەوار، سلێمانی، ژمارە ٢٤، ساڵی ٢٠٠٨ ، ل ل٦١-٦٢

بەکارهێنانی بۆ کاری لەش فرۆشـــی لەلایەن مێرد و باوک و برا زۆر جاریش ئەم توندوتیژیە لە دەرەرەی خێزان ڕوو دەدات [٢٥].

ج: توندوتیژی دەرونی : لەم جۆرە توندوتیژیەدا شـوێنەواری ڕەفتارەکە لەسـەر جەسـتەی ژن نادیارە بۆیە تەنانەت ژنەکە ناتوانێت سـکاڵا لەسـەر پیاوەکە تۆمار بکات و مافی خۆی بسـەنێت هەرچەندە ئەگەر تێبینی شـێوەو ڕوخسـاری ژن بکرێت نیشـانەکانی وەک خەم و خەفەت و ڕەشـبینی و خەمۆکی بەئاشـکرا پێوەی دیارە ، ئەم جۆرە توندوتیژییە بەهەر جۆرێک بێت شـوێنەواری خراپ لەسـەر ناخی ژن بەجێدەهێڵێت بەتایبەت ئەگەر هەسـتی پێبکات و ڕێگاچارەی دەربازبونی نەبێت [٢٦] .

چ: توندوتیژی کۆمەڵایەتی: ئەو توندوتیژیەیە لە دەرئەنجامی کاریگەرێتی کلتوری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا ڕودەدات کە بە ڕاسـتەوخۆ بێت یان ناڕاسـتەوخۆ لە ماڵ و دەرەوەی ماڵ تەواوی ژنان بە بیانوی داب و نەریت و پارێزگاری لە ناموس و شەرەفی بنەماڵە دەچەوسێننەوە لەوانە بەکارهێنانی ژن وەک کاڵا و بەندکردنی لە ماڵ لە پێناو خزمەتکردنی ئەوانی تر و ڕێگرتن لە خوێندنی ژن تەنانەت لێسـەندنەوەی مافی هاوسـەرگیری و هەڵبژاردنی هاوبەشـی ژیان، زەوت کردنی ماف و ئازادیەکانی [٢٧].

ح: توندوتیژی ئابووری: واتە پاشـکۆیەتی ژن لەڕووی ئابووری بۆ پیاو بەتایبەت کە ژن بێکار بێت لەکاتێکدا هەر پیاوان خۆیان ڕێگرن لە کارکردن ژن ، بەڵام دواتر ئەم پاشـکۆیەتیەی ژن دەبێتە پاسـاوێک بۆ کۆنترۆڵکردنی لەلایەن پیاو ، بێ بایەخ تەماشـاکردنی کارەکانی ژن لەماڵ وەک بەخێوکردنی منداڵ ، دەسـتگرتن بەسـەر داهاتی ژن و بێ بەشـکردنی لە مافی بەکارهێنانی لەلایەن ژن، ڕێگرتن لە ژن بۆ کارکردن یان زەوتکردنی هەندێک لە کارە باڵا و بڕیاربەردەست و چارەنوس سازەکان لەلایەن پیاوەوە [٢٨] .

خ: توندو تیژی تەندروسـتی: یەکێکە لەو توندوتیژیانەی کە رووبەڕوی ژنان دەبێتەوە و مەترسـی گەورەی بۆ سـەر ژیان و گیانی ژنان هەیە وەک بەشـوودانی کچ لەتەمەنی منداڵی و سکپڕبوونی لەتەمەنێکی منداڵی ، یان گرنگی نەدان بە ژن لەکاتی دوگیانی و منداڵبوون وەک گرنگی نەدان بە خواردن و سەردانی کردنی پزیشک [٢٩] .

د: توندوتیژی یاسـایی: واتە ئەو توندوتیژییانەی یاسـا دەرهەق بەژنانی دەکات وەک هاوسـەرگیری پێش وەخت و فرە ژنی و تەڵاق و تەڵاقی تەعەسوفی ، ناچارکردنی ژن بە خولع و ناچارکردنی بەوازهێنانی لە هەموو شایستەکانی و کێشەکانی نەفەقە و ولایە وڕێگە نەدان بەسەفەرکردنی ژن بێ رەزامەندی مێردیان سزا نەدانی پیاو لەکاتی توندوتیژی بەرامبەر ژن[٣٠].

---

(٢٥) کاوە امین، توندوتیژی بەرامبەر ژنان لە کۆمەڵگای سوید، چاپخانەی شەهاب، هەولێر،٢٠١٢، ل ٣٥

(٢٦) حسين توفيق ابراهيم، ظاهرة عنف السياسي في النظم العربية، اطروحة دكتوراه غير منشورة ، القاهرة، مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٩٢، ص ٣٣

(٢٧)محمود الرشيدي، العنف في جرائم الانترنيت، القاهرة، دار المصرية اللبنانية، ٢٠١١، ص ٣٣

(٢٨)احسان محمد الحسن ،علم اجتماع العنف و الارهاب، دراسة تحليلية في الارهاب و العنف السياسي و الاجتماعي، عمان، دار الوائل للنشرو التوزيع،٢٠٠٨ ،ص ١٦٤

(٢٩) سەیران عەبدوڵا ، کاریگەری هۆکاری توندوتیژي لەسەر ژنان، سلێمانی ،لە بلاوکراوەکانی گۆڤاری تەوار، ٢٠٠٨، ل٢٤

(٣٠) کنێر عەبدولا، ژن و توندوتیژی ، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٨، ل ل٣١-٣٤

### ٧ - بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان

توندو تیژی ڕەفتارێکە پەیوەستە بە مرۆڤ و لە ژیانی ڕۆژانەدا لە چوارچێوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا نمونەکانی دەبینرێت ، بێگومان ئەم بابەتەش هەمیشە جێگای سەرنجدان تێڕامانی زۆرێک لە زانایان و توێژەران بووە بەمەبەستی دەستنیشانکردنی هۆکار و دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاو بۆ بەرەنگاربونەوەی، لە ئێستادا زیاد لە میکانیزمێک بوونی هەیە بۆ بەرەنگاروونەوەی توندوتیژی، لەنێویاندا ڕێگەی یاسایی کە لەزۆر وڵاتدا پەنای بۆ دەبرێت بەمەبەستی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی و بنبڕکردنی ، لە پاڵ ئەو ڕێوشوێنە یاساییانەدا هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەرپا دەکرێت بۆ بەگژاچونەوەی ئەو توندوتیژیانەی دەرهەق بەژنان دەکرێن، بەجۆرێک لە هەندێ وڵاتدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەسەرپەرشتی پسپۆرانی سایکۆلۆجیاو سۆسیۆلۆجیاو پەروەردە و بەچاودێری وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی نوسینگەی تایبەت دەکەنەوە بۆ پێشکەشکردنی خولی فیرکاری و ڕاهێنان لە پێناو بەرەگاربوونەوەی توندوتیژییەکان [٣١]

لەم ڕوانگەیەوە ڕاگەیاندن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بەدیاردەی توندوتیژی دژ بەژنان هەیە، بەجۆرێک لە یەککاتدا وەک ئامرازێک بۆ بڵاوکردنەوەی و وەک ئامرازێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەماشا دەکرێت، ئەوانەی ڕەخنە لە ڕاگەیاندن دەگرن پێیان وایە هەندێ جار بەرنامە تەلەفزیۆنەکان و دراما و فیلم و ریکلامەکان زیاتر بە ئاراستەی بێ بەهاکردنی ژنان و پیشاندانی بێ توانایی و سەپاندنی دۆخی توندوتیژی دژ بە ژنان کاردەکات، بەڵام لەهەمان کاتدا ڕایەکی دیکە هەیە پێی وایە ڕاگەیاندن دەتوانێت ببێـە میکانیزم بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بەتایبەت خودی ژنان بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەریان دەکرێت [٣٢]

(٣١)هشام البسطويسي، العنف الاسري بين الوقايه والمواجهه، عن كتاب قانون لمواجهه العنف ضد النساء الفلسفه، الاستراتيجيات والخطوات العمليه، عمان، مؤسسه هينرش بل الالمانييه، ٢٠١٧، ص ص ١٩-٢١

(٣٢) كبير حنان، مصدر سابق، ص ص ٥٩-٦٠



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## بەشی سێیەم: لایەنی پراکتیکی:

### یەکەم: هەنگاوە بەراییەکان

١ - دیاریکردنی جۆرو میتۆدی توێژینەوە :

ئەم توێژنەوەیە وەک جۆر دەچێتە خانەی توێژینەوە وەسفییەکان، وەک میتۆدیش پشتی بەستووە بە میتۆدی روپێوی، توێژەران فۆرمێکی پێوانەییان لەسەر بنەمای لیکتەری سیانی بونیاد نا کە ٢١ بڕگە لە خۆ گرتووە.

٢- کۆمەڵگەو سامپڵی توێژنەوە:

کۆمەڵکەی ئەم توێژنەوەیە بریتییە لەو ژنانەی لەنێو رێکخراوەکانی تایبەت بەژنان یاخود رێکخراوە مەدەنیەکان لە شاری سلێمانی کاردەکەن، سامپڵی توێژنەوەکەش، سامپڵێکی نا هەڕەمەکی مەبەستدارە کە بریتین لە (١٥٠) لێتوێژەری ژن، دوای دابەشکردنی فۆرمەکان ، لە کۆی (١٥٠) فۆررمەکە توانرا تەنها (١٢٨) فۆرم بگەڕێتەوە.

٣- بوارەکانی توێژینەوە:

آ: بواری مرۆیی : بریتییە لە (١٢٨) کەسایەتی لەو ژنانەی لە رێکخراوەکانی لە شاری سلێمانی کاردەکەن

ب: بواری شوێن: بواری شوێن بریتییە لە رێکخراوەکانی پارێزگای سلێمانی/ هەرێمی کوردستانی عێراق

ج: بواری کات: بریتییە لەو کاتەی کە فۆرمەکان دابەشکران و کۆکرانەوەو هەڵاوێرکران کە لە ٢٠١٩/٨/٢٠ تا ٢٠١٩/٩/٥ بەردوام بوو.

٤- ئامرازەکانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە پەنای بۆ فۆرمی پێوانەیی بردووە وەک ئامرازی توێژینەوە، توێژەران لە سەر بنەمای تیۆری پشت بەستن بە ئامرازەکانی راگەیاندن تەوەرەو بڕگەکانی فۆرمی پێوانەییەکەیان داڕشت بۆ بە ئاگابوون لە کاریگەرێتی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان تایبەت بە مێینە لە هۆشیارکردنەوەی ژنان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو توندتیژیانەی بەرامبەریان دەکرێت، فۆرمەکە لە سێ تەوەر پێکهات کە هەر تەوەرەی حەوت بڕگەی لە خۆ گرتبوو.

٥- دروستی رواڵەتی:

بۆ دەرهێنانی دروستی فۆرمی پێوانەیی توێژنەوەکە ، توێژەران پشتیان بە رێگەی دروستی رواڵەتی بەستووە، کە بریتییە لە پیشاندانی فۆمەکە بە ژمارەیەک هەڵسەنگێنەری ئەکادیمی[٣٣]، بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆیانی لەبارەوە بخەنە روو، دوای گەڕانەوەی فۆرمەکان لەلایەن هەڵسەنگێنەرانەوە، تێبینییەکانیان بەهەند وەرگیراو فۆرمەکە بەرێژەی (٩٧,٣٩٪) رێکەوتنی هەڵسەنگێنەرانی وەرگرت کە ئەمەش لە رووی زانستییەوە دروستی فۆرمەکە پیشان دەدات.

٦- جێگیری:

توێژەران شێوازی کرونباخ ئەلفا (**Cronbach's Alpha** ) یان بەکارهێنا بۆ دەرهێنانی جێگیری فۆرمی پێوانەییەکە ، کە بریتیی بوو لە (٠,٨٨٤) ئەمەش ئاستێکی بەرزەو جێگیری فۆرمەکە دەسەلمێنێت.

---

(٣٣) ناوی هەڵسەنگێران بەگوێرەی پلەی زانستیان:

١- پ.ي. د.عومەر ئەحمەد رەمەزان، بەشی راگەیاندن، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٢- پ.ي. د.سەلام نەسرەدین محەمەد، بەشی راگەیاندن، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٣- پ.ي. د. کەژاڵ حسین محەمەد، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٤- پ.ي. د.رزگار مستەفا غەفور،بەشی کاری کۆمەلایەتی، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٥-. د.لانە سابیر حمە سەعید ، بەشی راگەیاندن، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٧ - پرکردنەوەی فۆرمی پێوانەیی:

بۆ جێبەجێکردنی لایەنی پراکتیکی توێژنەوەکە، توێژەران لەسەر بنەمای لیکەری سیانی بۆ وەڵامی پرسیارەکانی فۆرمەکە سێ بژاردەیان خستبووە بەردەم لێتوێژەران کە بریتی بوون لە (زۆرجار، هەندێجار، کەمجار)

٨- چارەسەرە ئامارییەکان:

توێژەران بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە ئەم شێوازە ئامارییانەیان بەکارهێناوە:

آ- دووبارەو رێژەی سەدی بۆ خستنە رووی زانیارییە گشتییەکانی بەرتوێژەران

ب- نێوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ خستنەرووی ئەنجامی بڕگەکانی فۆرمی پێوانەیی

پ - **(T - Test)** بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی تاک سامپڵ

ج - **(One-Way ANOVA)** بۆ دەرهێنانی جیاوازی ئەو گۆڕانکارییانەی بژاردەکانی سێ بەرەو سەرن.

چ- **(LSD)** بۆ دیاریکردنی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان کە لەبەرژەوەندی کام لایەندایە

**دووەم: تایبەتمەندییەکانی لێتوێژەران**

1 : زانیاری بنەڕەتی لێتوێژەران:

دوای هەڵاوێرکردنی زانیارییە بنەڕەتییەکانی تایبەت لە لێتوێژەران، دەردەکەوێت لە رووی تەمەنەوە بە پلەی یەکەم ئەوانە دێن کە لە نێوان ٣٠-٣٥ ساڵدان، بە پلەی دووەم لە نێوان ٢٤-٢٩ و ٣٦-٤١ ساڵن ، بە پلەی سێیەم ٤٣ ساڵ بەرەو سەرەوەن و لە پلەی چوارەم و کۆتایی ١٨-٢٣ ساڵن.

لە رووی باری خێزانییەوە بە پلەی یەکەم ئەو لێتوێژەرانە دێن کە سەڵتن، بەپلەی دووەم خێزاندار دێت، بە پلەی سێیەم جیابۆوەو بە پلەی چوارەم تاک مردوو، سەبارەت بە ئاستی خوێندەواریی لێتوێژەرانیش، دەرچوانی زانکۆ بە پلەی یەکەم دێن، هەڵگرانی بڕوانامەی خوێندنی باڵا بە پلەی دووەم و دورچوانی پەیمانگا بە پلەی سێیەم دەرچوانی بنەڕەتی بە پلەی چوارەم و دەرچوانی ئامادەیی بە پلەی چوارەم، دەربارەی رادەی تەماشاکردنی تەلەفۆن بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی لێتوێژەران و بە پلەی یەکەم ئەوانەن کە رۆژانە کەمتر لە ٢ کاتژمێر تەماشاسای دەکەن، بە پلەی دووەم ئەوانەن کە ٢-٤ کاتژمێر تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن، بە پلەی سێیەمیش ئەوانەن کە لە رۆژێکدا زیاتر لە ٤ کاتژمێر تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن، بڕوانە خشتەی(١).

خشتەی (١): خستنەرووی زانیارییە بنەڕەتییەکانی لێتوێژەران

| گۆڕاوەکان | بژاردەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| تەمەن | ١٨-٢٣ ساڵ | ١٢ | ٩,٣٧ | ٤ |
| | ٢٤-٢٩ ساڵ | ٣٠ | ٢٣,٤٤ | ٢ |
| | ٣٠-٣٥ ساڵ | ٣٤ | ٢٦,٥٦ | ١ |
| | ٣٦-٤١ ساڵ | ٣٠ | ٢٣,٤٤ | ٢ |
| | ٤٣ ساڵ بەرەو سەرەوە | ٢٢ | ١٧,١٩ | ٣ |
| | کۆی گشتی | ١٢٨ | ١٠٠ | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| باری خێزانی | سەڵت | ٤٧ | ٣٦,٧٢ | ٢ |
| | خێزاندار | ٦٧ | ٥٢,٣٤ | ١ |
| | جیابۆوە | ١٠ | ٧,٨١ | ٣ |
| | تاک مردوو | ٤ | ٣,١٣ | ٤ |
| | کۆی گشتی | ١٢٨ | ١٠٠ | |
| ئاستی خۆێندەواری | بنەڕەتی | ١٠ | ٧,٨١ | ٤ |
| | ئامادەیی | ٨ | ٦,٢٥ | ٥ |
| | پەیمانگا | ١٦ | ١٢,٥٠ | ٣ |
| | زانکۆ | ٧٣ | ٥٧,٠٣ | ١ |
| | خوێندنی باڵا | ٢١ | ١٦,٤١ | ٢ |
| | کۆی گشتی | ١٢٨ | ١٠٠ | |
| ماوەی تەماشاکردنی تەلەفزیۆن | کەمتر لە ٢ کاتژمێر | ٦٣ | ٤٩,٢٢ | ١ |
| | 2-4کاتژمێر | ٣٧ | ٢٨,٩١ | ٢ |
| | زیاتر لە ٤ کاتژمێر | ٢٨ | ٢١,٨٧ | ٣ |
| | کۆی گشتی | ١٢٨ | ١٠٠ | |

٢: : ڕادەی بەرکەوتن لەگەڵ بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی تایبەت بەژنان

دوای هەڵاوێرکردنی وەڵامی لێتوێژەران سەبارەت بەوەی ئایا ئەوان تەماشای بەرنامەکانی تایبەت بەژنان دەکەن، بەپلەی یەکەم و بەڕێژەی ٧٦٫٥٦٪ وەڵامیان بە بەڵێ بوو، بەپلەی دووەم و بەڕێژەی ٢٣٫٤٤٪ وەڵامیان بە نەخێر بوو، بڕوانە خشتەی (٢).

| خشتەی (٢): خستنەرووی ڕادەی بەرکەوتن لەگەڵ بەنامەکانی تایبەت بەژنان | | | |
|---|---|---|---|
| تەماشاکردنی بەرنامەکانی ژنان | دووبارە | % | پلە |
| بەڵێ | 98 | ٧٦,٥٦ | ١ |
| نە خێر | 30 | ٢٣,٤٤ | ٢ |
| کۆی گشتی | ١٢٨ | ١٠٠ | |

٣: هۆکارەکانی تەماشانەکردنی بەرنامەکانی تایبەت بەژنان

بۆ خستنەرووی هۆکاری تەماشاکردنی بەرنامەکانی ژنان بۆ ئەو ٣٠ لێتوێژەرەی بە نەخێر وەڵامیان دایەوە، ئەم توێژینەوەیە پرسیارێکی کراوەی ئاراستەکردن بۆ زانینی هۆکاری تەماشانەکردنی ئەو بەرنامانە(*)، لە وەڵامیاندا

(*)ئەگەرچی ژمارەی ئەو لێتوێژەرانەی تەماشای بەرمانە تەلەفزیۆنییەکان ناکەن ٣٠ کەس بوون، لەبەر ئەوەی لە فۆرمی ڕاپرسییەکەدا بە بەپرسیارێی کراوە داوای نوسینی هۆکارەکانی کراوە، لێوێژەران هەندێکیان زیاد لە هۆکارێکیان نهوسیوە، بۆیە کۆی گشتی هۆکارەکان ٣٤ وە نەک ٣٠

دەرکەوت هۆکاری سەرەکی زویربوونی بەشێک لە ژنانی ڕێکخراوەکان بۆ بەرنامەکانی ژنان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوەکە بەرنامەکان (لە رووی ناوەرۆک و فۆرمەوە لە ئاستی پێویستدا نین) بە پلەی دووەمیش هۆکارەکەی ئەوەیە کە بەرنامەکانی ژنان (لە بنەڕەتدا گوزراشت لە ژنان و کێشەکانی ناکەن) بە پلەی سێیەم هۆکارەکەی بۆ (نەبوونی کاتی پێویست) دەگەڕێتەوە، دواهۆکاریش کە بە پلەی چوارەم دێت بۆ (تەماشای هیچ بەرنامەیەک ناکەن) دەگەڕێتەوە، بڕوانە خشتەی (٣).

| خشتەی (٣): خستنەرووی هۆکاری تەماشانەکردنی بەنامەکانی تایبەت بەژنان | | | |
|---|---|---|---|
| هۆکارەکان | دووبارە | % | پلە |
| لە رووی ناوەرۆک و فۆرمەوە لە ئاستی پێویستدا نین | ١٤ | ٤١،١٨ | ١ |
| لە بنەڕەتدا گوزراشت لە ژنان و کێشەکانی ناکەن | ٨ | ٢٣،٥٣ | ٢ |
| سەرقاڵی و نەبوونی کاتی پێویست | ٧ | ٢٠،٥٩ | ٣ |
| تەماشای هیچ بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنێ ناکەم | ٥ | ١٤،٧٠ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٣٤ | ١٠٠ | |

**سێیەم: خستنەرووی ئەنجامەکانی فۆرمی پێوانەیی**

بۆ ئاشکراکردنی ئەنجامی لایەنی پراکتیکی تایبەت بەلایەنی پێوانەکردن لەم توێژینەوەیەدا، توێژەران مامەڵەیان لەگەڵ وەڵامی ئەو لێتوێژەرانەدا کرد کە تەماشای بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە دەکەن و وڵامی فۆرمی پێوانەکردنەکەیان داوەتەوە کە ژمارەیان (٩٨) کەس بوو، بۆ گەیشتن بە چارەسەرە ئامارییەکان و دەرهێنانی نێوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بڕگەکان و پلە بەندکردنیان توێژەران پرۆگرامی **(SPSS)** یان بەکارهێناوە، بۆ دیاریکردنی ئاستی کاریگەرییەتیش، توێژەران ئەم ڕێگەیان گرتە بەر:

بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە بژاردەی لیکەرى سیانی بەکارهێناوە، بژاردەی (زۆرجار) بەهای ٣ وەردەگرێت، بژاردەی (هەندێجار) بەهای ٢ وەردەگرێت و بژاردەی (کەمجار) بەهای ١ وەردەگرێت، لەسەر ئەم بنەمایە، بۆ دەرهێنانی مەودا **(range)**، زۆرترین بەها کەمترین بەهای لێدەردەکەین و دابەشی کۆی بژاردەکانی دەکەین تا ئەنجامی مەودا بەردەست دەکەوێت واتە: ( ٣-١= ٢) (٢÷٣=٠،٦٦) . واتە مەودا دەکاتە: ٠،٦٦ . بۆیە رادەی کاریگەرێتی لەسەر پلەی بژاردەکان بەم شێوەیە دەبێت ١ تا ١،٦٦ کاریگەرییەتیەکی لاواز، ١،٦٧ تا ٢،٣٣ کاریگەرییەتیەکی مام ناوەند، ٢،٣٤ تا ٣ کاریگەرییەتیەکی بەهێز، ئەنجامی لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەش بەگوێرەی فۆرمی پێوانەیییەکە بەم شێوەی خوارەوە :

**1- کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بەمێینە لەسەر خودی ژنان لە پرسی بەرەگاربوونەوەی ئەو توندوتیژیانەی دەرهەقیان ئەنجام دەدرێت:**

بۆ ئاشکراکردنی (کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بەمێینە لەسەر خودی ژنان لە پرسی بەرەگاربوونەوەی ئەو توندوتیژیانەی دەرهەقیان ئەنجام دەدرێت) ، توێژەران ئەم هەنگاوانەیان گرتە بەر، دەرهێنانی نێوەندی ژمێرەیی راستەقینە کە بریتی بوو لە (٤٣،٧١) لەگەڵ نێوەندی ژمێرەیی گریمانەیی کە بریتی بوو لە (٤٢) لەگەڵ لادانی پێوەری کە (٨،٢٤٥) بوو ، دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی "ت"**One-Sample T. Test** دەرکەوت کە بەهای "ت" بریتییە لە

(٢،٠٥٨) بە پلەی ســەربەســتی (97) (df) و بە ئاماژەی (0.04) (sig)، ئەم ئەنجامەش لە رووی ئامارییەوە ئاماژەدارە، واتە بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە کاریگەرێتی هەبووە لەســەر ژنان لە پرســی بەرەگاربوونەوەی ئەو توندوتیژیانەی دەرهەقیان ئەنجام دەدرێت، بڕوانە خشتەی(۴):

| خشتەی (٤): خستنەرووی ئەنجامی تاقیکردنەوەی "ت" بۆ وەڵامی لێتوێژەران | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سامپڵ | کۆی نێوەندی ژمێرەیی راستەقینە بڕگەکان | کۆی نێوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | لادانی پێوەری | بەهای "ت" **T.Test** | پلەی سەربەستی **DF** | ئاماژە **Sig** |
| ٩٨ | ٤٣,٧١ | ٤٢ | ٨,٢٤٥ | ٢,٠٥٨ | ٩٧ | ٠,٠٤ |

٢: کاریگەرێتی بەرنامەکان لە ســەر ئاســتی مەعریفی ژنان لە پرســی بەرەنگاربوونەوەی ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەریان دەکرێت.

دوای هەڵاوێرکردنی بڕگەکانی تەوەرەی تایبەت بە کاریگەرێــتی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی تایبەت بە مێنە لەسەر ئاســتی مەعریفی ژنان، دەرکەوت ئاشــتی ناوەندی ژمێرەیی تەوەرەکە بەگشــتی کارگەرییەکی مام ناوەندە، لەســەر ئاســتی بڕگەکانیش بڕگەی ژمار (١) کە ئاماژە بەوەدەدا بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە "ئاگادارمان دەکات لەو توندوتیژیانەی بەرامبەر ژنان دەکرێن" بەپلەی یەکەم دێیت، لە پلەی دووەمیش بڕگەی ژمارە (١٠) دێــــت کە جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو جۆرە بەرنامانە" زانیاریمان دەداتێ بەرامبەر بەو رێکخراوانەی کەهاوکاری ژنان دەکەن" هەرچی بڕگەی (١٦)یە کە ئاماژە بەوەدەدا بەرنامەکان " ئاگادارمان دەکات بە زانیاریەکانی تایبەت بە رێژەی توندوتیژی دژ بەژنان" بە پلەی سێیەم و بە پلەی چوارەمیش بڕگەی ژمارە (١٣) هاتووە کە باس لەوە دەکات بەرنامەکان " ئاشنامان دەکات بە بنەما یاسـاییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی " لە پلەی پێنجەمیش بڕگەی ژمارە (٤) دەبینرێــــ کە کە ئاماژە بەوەدەدا بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی تایبەت بەمێینە "ئاشــنامان دەکات بەو چالاکییانەی پەیوەندیدارن بە توندوتیژی دژ بە ژنان، بڕگەی ژمارە (٧) یش کە باس لەوە دەکات ئەو بارنامانە " ئاشــنامان دەکات بە گۆڕانکارییە تازەکانی تایبەت بە دۆخی ژنانان"بە پلەی شەشەم دێت، دوا بڕگەی ئەم تەوەرە کە لە پلەی حەوتەمدایە بڕگەی ژمارە (١٩) یە کە تیایدا هاتوو بەرنامەکانی ژنان "ئاشــنامان دەکات بە رێگا چارەکان بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان" هەریەک لەو بڕگانەش کاریگەرێتییەکانیان مام ناوەندە، بەواتای بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی تایبەت بە مێینە لەدیدی ئەو ژنانەی لە رێکخراوەکاندا کاردەکەن نەیانتوانیوە کاریگەرییەکی بەهێز یان لەســەر دروسـت بکات لە رووی مەعریفییەوە، بڕوانە خشتەی (٥)

| خشتەی (٥): خستنەرووی کاریگەرێتی بەرنامەکان لەسەر لایەنی مەعریفی بەژنان | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | بڕگە | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاست | پلە |
| ١ | ئاگادارمان دەکات لەو توندوتیژیانەی بەرامبەر ژنان دەکرێن | ٢,١٩ | ٠,٦٣٧ | مام ناوەند | ١ |
| ١٠ | زانیاریمان دەداتێ بەرامبەر بەو رێکخراوانەی کەهاوکاری ژنان دەکەن | ٢,١٧ | ٠,٦٥٥ | مام ناوەند | ٢ |
| ١٦ | ئاگادار مان دەکات بە زانیاریەکانی تایبەت بە رێژەی توندوتیژی دژ بەژنان | ٢,١١ | ٠,٧٤١ | مام ناوەند | ٣ |
| ١٣ | ئاشنامان دەکات بە بنەما یاساییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی | ٢,٠٩ | ٠,٦٩٦ | مام ناوەند | ٤ |
| ٤ | ئاشنامان دەکات بەو چالاکییانەی پەیوەندیدارن بە توندوتیژی دژ بە ژنان | ٢,٠٦ | ٠,٧٥٧ | مام ناوەند | ٥ |
| ٧ | ئاشنامان دەکات بە گۆڕانکارییە تازەکانی تایبەت بە دۆخی ژنانان | ١,٩٩ | ٠,٦٧٨ | مام ناوەند | ٦ |
| ١٩ | ئاشنامان دەکات بە رێگا چارەکان بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان | ١,٩٨ | ٠,٧٦٩ | مام ناوەند | ٧ |
| کۆی گشتی | | ٢,٠٨ | ٠,٧٠٤ | مام ناوەند | |

٣- کاریگەرێتی بەرنامەکان لە سەر ئاستی وئژدانی ژنان لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەریان دەکرێت.

دوای هەڵاوێرکردنی بڕگەکانی تەوەرەی دووەم کە تایبەتن بە کاریگەرێتی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان لەسەر لایەنی ویژدانی ژنان ، دەرکەوت ئاستی ناوەندی ژمێرەیی تەوەرەکە بەگشتی کارگەرییەکی مام ناوەندە، لەسەر ئاستی بڕگەکانیش بڕگەی ژمارە (١٧) دێ کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "ئاسودەم دەبم کاتێک بە هەواڵی سزا دانی ئەنجامدەرانی توندو تیژی دژ بە ژنان بڵاودەکرێتەوە" لە پلەی دووەمیش بڕگەی ژمارە (٢٠) کە تیایدا هاتووە بەهۆی ئەو بەرنامانەوە "هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەم بەرامبەر بە پاراستنی مافەکانی ژنان" ئەوەی جێگەی سەرنجە هەردوو ئەم بڕگەیە بەپێچەوانەی تەواوی بڕگەکانی ترەوە ئاستی کاریگەرێتییەکەی بەرزە، لە پلەی سێیەمی ئەم تەورەیەدا بڕگەی ژمارە (١١) بەرچاو دەکەوێت کەئاماژە بەوەدەدا بەرنامەکانی تایبەت بەمێینە "نیگەرانم دەکات بەرامبەر بە ئایندەی مافەکانی ژنان" ، بڕگەی ژمارە (١٤)کە جەخت لەوە دەکاتەوە بەرنامەکان "رق وکینە لە ناخمدا دروست دەبێت بەرامبەر بەوانەی توندوتیژی دژ بە ژنان ئەنجام دەدەن" بەپلەی چوارەم دێت، بە دوای ئەودا و بەپلەی پێنجەم بڕ"ەی ژمارە (٥) دێت کە ئاماژەدەدا بەوەی بەرنامەکانی تایبەت بەمێنە "وادەکات بڕوام بە کلتوری رێزگرتن لە مافەکانی ژنان زیاتر بێت" لە پلەی شەشەمیش بڕگەی ژمارە (٨) هاتووە کە جەخت دەکاتەوە لەوەی " ئاوێتەی تەوەرەی

بەرنامەکان دەبم وخۆم و ئەندامانی خێزانەکەمی تیادا دەبینینەوە" لە کۆتدا پلەشـــدا برگەی ژمارە (٢) بەرچاو دەکەوێت کە تیایدا هاتووە" راو بۆچونی میوانی بەرنامەکان پەســەند دەکەم و لە ناخمدا دەچەسـپێت" گەر سـەرنج بدەینە ئەو داتاو ژمارانە دەردەکەوێت دیارتین بابەت کە کاریگەرییەتیەکی بەهێزی لەســەر ژنان دروســتکردبێت ئەو کاتەیە کە بەرنامەکان هەواڵی سـزادانی ئەوانە بڵاودەکەنەوە کە توندوتیژیان بەرانبەر ژنان ئەنجامداوە، لە بەرامبەردا ئەوەش دەردەکەوێت کە میوانی ئەو بەرنامانە کەمترین کاریگەرییان لەسەر ژنان هەبووە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦)

| ژمارە | برگە | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاست | پلە |
|---|---|---|---|---|---|
| خشتەی (٦): خستنەرووی کاریگەرێتی بەرنامەکان لەسەر لایەنی ویژدانی بەژنان | | | | | |
| ١٧ | ئـاســودەم دەبم کـاتێـک هەواڵی ســزا دانی ئەنجامدەرانی توندو تیژی دژ بە ژنان دەبیستم | ٢,٣٨ | ٠,٧٢٤ | بەرز | ١ |
| ٢٠ | هەست بە بەرپرسیارێـــتی دەکەم بەرامبەر بە پاراستنی مافەکانی ژنان | ٢,٣٤ | ٠,٧٤٥ | بەرز | ٢ |
| ١١ | نیگەرانم دەکات بەرامبەر بە ئایندەی مافەکانی ژنان | ٢,٢٦ | ٠,٦٦٤ | مام ناوەند | ٣ |
| ١٤ | رق وکینە لە ناخمدا دروســت دەبێت بەرامبەر بەوانەی توندوتیژی دژ بە ژنان ئەنجام دەدەن | ٢,١٦ | ٠,٦٩٦ | مام ناوەند | ٤ |
| ٥ | وادەکات بڕوام بە کلتوری رێزگرتن لە مافەکانی ژنان زیاتر بێت | ٢,٠٦ | ٠,٧٥٧ | مام ناوەند | ٥ |
| ٨ | ئـاوێتەی تەوەرەی بەرنـامەکـان دەبم وخۆم و ئەندامانی خێزانەکەمی تیادا دەبینینەوە | ١,٨٤ | ٠,٧٥٢ | مام ناوەند | ٦ |
| ٢ | راو بۆچونی میوانی بەرنامەکان پەسـەند دەکەم و لە ناخمدا دەچەسپێت | ١,٧٨ | ٠,٦٦٦ | مام ناوەند | ٧ |
| کۆی گشتی | | ٢,١١ | ٠,٧١٤ | مام ناوەند | |

٤: : کاریگەرێتی بەرنامانەکان لە رەفتاری ژنان بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو توندو تیژیانەی روبەرویان دەبێتەوە

دوای هەڵاوێرکردنی بڕگەکانی تەوەرەی سێیەم کە تایبەتن بە کاریگەرێـــتی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی تایبەت بە مێنە لەسەر گۆڕینی رەفتاری ژنان ، دەرکەوت ئاستی ناوەندی ژمێرەیی تەوەرەکە بەگشتی کاریگەرییەکی مام ناوەندە، لەســەر ئاســتی بڕگەکانیش بڕگەی ژمارە (١٨) بە پلەی یەکەم دێت کە تیایدا هاتووە بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە "وادەکات هاوکاری رێکخراوەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندژی دژ بە ژنان بکەم" بە پلەی دووەمیش بڕگەی ژمارە (١٢) دێت کە جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو بەرنامانە " وا دەکات رەخنە لەو دیاردانە بگرم کە بەشـێکن لە توندو تیژی دژ بە ژنان" هەرچی بڕگەی (١٥) یە کە دەڵی بەرنامەکان "وا دەکات روبەرووی رەفتاری توندو تیژی دژ بە ژنان ببمەوەو داکۆکی لە مافەکانیان بکەم" بە پلەی سێیەم دێت، لە پلەی چوارەمیش بڕگەی ژمارە (٢١) دێت کە پێی وایە بەرنامەکان " وادەکات لە لەکاتی بوونی کەیسی توندو تیژی دژ بە ژنان لایەنە بەرپرسـەکان ئاگادر بکەمەوە" بە پلەی پێنجەمیش بڕگەی ژمـارە (٩) بەرچـاو دەکەوێـت کە تیـایـدا هـاتووە ئەو بەرنـامـانە "هـانم دەدا بەشـــداری لە چـالاکییەکـانی



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بەرەنگاربونوەەی توندو تیژی دژ بە ژنان بکەم" برگەی ژمارە (٣) ش بە پلەی شـــەشـــەم دێت کە ئاماژە دەدا بەوەی " دوای تەواو بوونی بەرنامەکان گفتوگۆی تەوەرەکانی لەگەڵ کەســـانی تر دەکەم" برگەی ژمارە (٦) دوا برگەی ئەم تەورەیەو بە پلەی حەوتەم هاتوو کە دەڵێ " لەدوای تەواو بوونی بەرنامەکان جارێکی دیکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان شـــەیری دەکەم" ، بە وردبوونەوە لەم داتایانە دەگەینە ئەو ئاماژەیەی کە بەرنامەکانی تایبەت بەمێینە لەدیدی ژنانی رێکخراوەکانەوە کاریگەرییەتییەکی مام ناوەندیان هەبووە لەســـەر گۆڕینی رەفتاریان لە بواری بەرەنگاربونەوەی دیاردەی توندوتیژی دژ بەژنان، بڕوانە خشتەی (٧).

| خشتەی (٧): خستنەرووی کاریگەرێتی بەرنامەکان لەسەر رەفتاری بەژنان | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | برگە | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاست | پلە |
| ١٨ | وادەکات هاوکاری رێکخراوەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندژی دژ بە ژنان بکەم | ٢,٢٥ | ٠,٧١٩ | مام ناوەند | ١ |
| ١٢ | وا دەکات رەخنە لەو دیاردانە بگرم کە بەشـێکن لە توندو تیژی دژ بە ژنان | ٢,٢٣ | ٠,٧١٢ | مام ناوەند | ٢ |
| ١٥ | وا دەکات روبەرووی رەفتاری توندو تیژی دژ بە ژنان ببمەوەو داکۆکی لە مافەکانیان بکەم | ٢,٢١ | ٠,٦٨٩ | مام ناوەند | ٣ |
| ٢١ | وادەکات لە لەکاتی بوونی کەیســـی توندو تیژی دژ بە ژنان لایەنە بەرپرسەکان ئاگادر بکەمەوە | ٢,١٤ | ٠,٧٤٥ | مام ناوەند | ٤ |
| ٩ | هانم دەدا بەشـداری لە چالاکییەکانی بەرەنگاربونەوەی توندو تیژی دژ بە ژنان بکەم | ٢,١٣ | ٠,٧٢٣ | مام ناوەند | ٥ |
| ٣ | دوای تەواو بوونی بەرنامەکان گفتوگۆی تەوەرەکانی لەگەڵ کەسانی تر دەکەم | ١,٨٥ | ٠,٧٦٥ | مام ناوەند | ٦ |
| ٦ | لەدوای تەواو بوونی بەرنـامەکـان جـارێکی دیکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان شەیری دەکەم | ١,٥٧ | ٠,٦٧٤ | نزم | ٧ |
| کۆی گشتی | | ٢,٠٥ | ٠,٧١٨ | مام ناوەند | |

٥: کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لەسەرجەم تەوەرەکاندا:

بە ووردبوونەوە لە زانیارییەکانی کاریگەرێـــــتی بەرنامە تەلەفیۆنییەکانی تایبەت بە مێینە لە بەرەنگاربوونەوە توندوتیژی دژ بەژنان، دەردەکەوێت کە کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لەســـەر لایەنی ویژدانی ژنان بە بەراورد لەگەڵ تەوەرەکانی دیکەدا بەپلەی یەکەم دێت، بەپلەی دووەمیش تەوەرەی کارگەری ئەو بەرنامانەیە لەســـەر لایەنی مەعریفی ژنان لە پلەی سـێیەم و کۆتایش کاریگەرییەتی لەسـەر رەفتاری ژنان، ئەمەش نیشـانەی ئەوەیە ئەو بەرنامانە زیاتر کاریگەرێتی کردۆتە سەر هەست و سۆزی ژنان، بڕوانە خشتەی (٧)

| خشتەی (٧): خستنەرووی کاریگەرێتی بەرنامەکان لەسەرجەم تەوەرەکاندا | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تەرەرەکان | جۆری کاریگەرێتییەکان | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاست | پلە |
| یەکەم | کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لەسەر لایەنی مەعریفی ژنان | ٢,٠٨ | ٠,٧٠٤ | مام ناوەند | ٢ |
| دووەم | کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لەسەر لایەنی ویژدانی ژنان | ٢,١١ | ٠,٧١٤ | مام ناوەند | ١ |
| سێیەم | کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لەسەر رەفتاری ژنان | ٢,٠٥ | ٠,٧١٨ | مام ناوەند | ٣ |
| کۆی گشتی | | ٢,٠٨ | ٠,٧١٢ | مام ناوەند | |

٦: جیاوازییە ئامارییەکان لە وەڵامی لێتوێژەراندا :

آ: جیاوازی وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی گۆڕاوی تەمەن

لە رێگەی تاقیکردنەوەی "ف" دەردەکەوێت کە لە هەردوو تەوەرە یەکەم و تەوەرەی دووەم کە تایبەتن بەکاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لە سەر ئاستی مەعەریفی و ویژدانی ژنان لە پرسی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت لە وڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی جیاوازی تەمەن، بەڵام لە تەوەرەی سێیەمدا کە تایبەت بە کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بەمێیەنە لە رەفتاردا دەردەکەوێت کە جیاوازی هەیە لە وەڵامی لێتوێژەراندا بەو پێیەی بەهای ئاماژە کە ٠,٠٢٩ یە کەمترە لە بەهای خشتەیی ٠,٠٥ ، ئەو جیاوازییەش بە گوێرەی تاقیکردنەوەی (**LSD**) لە بەرژەوەندی ئەوانەنە کە تەمەنیان لە ٤٢ ساڵ بەرەوە سەرەوەیە، واتە بەرنامەکان زیاتر کارگەری کردۆتە سەر رەفتاریان بۆ بەگژداچونەوەی دیاردەی توندوتیژی دژ بەژنان، رەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت لەو تەمەنەدا ژنان زیاتر توانای نواندی رەفتاریان هەیە، بڕوانە خشتەی (٨)

| خشتەی (٨): خستنەرووی جیاوازی ئاماری بەگوێرەی تەمەنی لێتوێژەران | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تەوەرەکان | تەمەن | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ف) | ئاماژە |
| کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لەسەر لایەنی مەعریفی ژنان | ١٨-٢٣ ساڵ | ١,٩٠ | ٠,٤٥٧ | ٠,٨٨٧ | ٠,٤٧٥ |
| | ٢٤-٢٩ ساڵ | ١,٩٧ | ٠,٥٧٧ | | |
| | ٣٠-٣٥ ساڵ | ٢,١٣ | ٠,٤٠٤ | | |
| | ٣٦-٤١ ساڵ | ٢,٠٤ | ٠,٤٢٠ | | |
| | ٤٢ ساڵ بەرەو سەرەوە | ٢,١١ | ٠,٥١٠ | | |
| کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لەسەر | 18-23ساڵ | ٢,٠٢ | ٠,٤٥٥ | ١,٤٨٢ | ٠,٢١٤ |
| | 24-29ساڵ | ١,٩٩ | ٠,٤٦٢ | | |
| | 30-35ساڵ | ٢,١١ | ٠,٤١٨ | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| لایەنی ویژدانی ژنان | 36-41ساڵ | ٢,٠٩ | ٠,٤١٢ | | |
| | 42ساڵ بەرەو سەرەوە | ٢,٢٩ | ٠,٢٩٤ | | |
| کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لەسەر رەفتاری ژنان | 18-23ساڵ | ١,٩٣ | ٠,٤٥٢ | | |
| | 24-29ساڵ | ١,٨٥ | ٠,٥٣١ | | |
| | 30-35ساڵ | ٢,٠٩ | ٠,٤٢٣ | ٢,٨٣٢ | ٠,٠٢٩ |
| | 36-41ساڵ | ١,٩٩ | ٠,٤١٩ | | |
| | 42ساڵ بەرەو سەرەوە | ٢,٢٩ | ٠,٣٣٧ | | |
| | | | | | |

ب: جیاوازی ئاماری بەگوێرەی گۆڕاوی باری خێزانی:

لە رێگەی تاقیکردنەوەی "ف" دەردەکەوێت کە لە هەرسێ تەوەرەی یەکەم و تەوەرەی دووەم سێیەم کە تایبەتن بەکاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لە سەر ئاستی مەعەریفی و ویژدانی و رەفتاری لە پرسی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان هیچ جیاوازییەک بەدی ناکریت لە وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی جیاوازی باری خێزانی، بەو پێیەی بەهای ئاماژە زیاترە لە بەهای خشتەیی، واتە گۆڕاوی باری خێزانی کاریگەرێتی نەبووە بەسەر وەڵامەکانیانەوە بۆ سەرجەم تەوەرەکان، بڕوانە خشتەی(٩)

خشتەی (٩): خستنەرووی جیاوازی ئاماری بەگوێرەی باری خێزانی

| تەوەرەکان | باری خێزانی | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ف) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| **کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لەسەر لایەنی مەعریفی ژنان** | سەڵت | ٢,٠٩ | ٠,٥٠٥ | | |
| | خێزاندار | ٢,٠٦ | ٠,٤١٩ | ٠,١١٦ | ٠,٩٥١ |
| | جیابۆوە | ٢,١٦ | ٠,٢٥٢ | | |
| | تاک مردوو | ٢,٠٨ | ٠,٤٧٤ | | |
| **کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لەسەر لایەنی ویژدانی ژنان** | سەڵت | ٢,١٢ | ٠,٤٢٦ | | |
| | خێزاندار | ٢,١١ | ٠,٤٠٥ | ٠,٥٨١ | ٠,٦٢٩ |
| | جیابۆوە | ٢,٠٣ | ٠,٤٥٨ | | |
| | تاک مردوو | ٢,٣٥ | ٠,٢٤٧ | | |
| | سەڵت | ٢,٠١ | ٠,٤٨٧ | | |
| | خێزاندار | ٢,٠٥ | ٠,٤١٥ | | |



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لەسەر ڕەفتاری ژنان** | جیابۆوە | ١,٩٨ | ٠,٤٦١ | ٠,٧٤٤ | ٠,٥٢٨ |
| | تاک مردوو | ٢,٣٥ | ٠,٠٨٢ | | |

پ: جیاوازی ئاماری بەگوێرەی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری:

لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی "ف" دەردەکەوێت کە لە هەرسێ تەوەرەی یەکەم ، دووەم ، سێیەم کە تایبەتن بەکاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لە سەر ئاستی مەعەریفی و ویژدانی و ڕەفتاری لە پرسی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان هیچ جیاوازییەک بەدی ناکریت لە وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی جیاوازی ئاستی خوێندەواری، بەو پێیەی بەهای ئاماژە لە سەرجەم تەوەرەکاندا زیاترە لە بەهای خشتەیی، واتە گۆڕاوی باری ئاستی خوێندەواری کاریگەرێتی نەبووە بەسەر وەڵامەکانیانەوە بۆ سەرجەم تەوەرەکان، بڕوانە خشتەی(٩)

خشتەی (٩): خستنەرووی جیاوازی ئاماری بەگوێرەی ئاستی خوێندەواری لێتوێژەران

| تەوەرەکان | ئاستی خوێندەواری | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ف) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لەسەر لایەنی مەعریفی ژنان | بنەڕەتی | ٢,٠٨ | ٠,٤١١ | ١,٥٠٨ | ٠,٢٠٦ |
| | ئامادەیی | ١,٩٦ | ٠,٤٦٩ | | |
| | پەیمانگا | ٢,٠٥ | ٠,٥٥١ | | |
| | زانکۆ | ٢,٠٢ | ٠,٤٠٦ | | |
| | خوێندنی بالا | ٢,٣٢ | ٠,٤٧٤ | | |
| کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لەسەر لایەنی ویژدانی ژنان | بنەڕەتی | ٢,٢٦ | ٠,٤١٣ | ١,٧٨٣ | ٠,١٣٩ |
| | ئامادەیی | ٢,١٤ | ٠,٣٠٥ | | |
| | پەیمانگا | ٢,١٧ | ٠,٣٤٥ | | |
| | زانکۆ | ٢,٠٧ | ٠,٤٤١ | | |
| | خوێندنی بالا | ٢,٢٦ | ٠,٣٥٢ | | |
| کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لەسەر ڕەفتاری ژنان | بنەڕەتی | ٢,٢٥ | ٠,٤١٦ | ٠,٧٤٨ | ٠,٥٦٢ |
| | ئامادەیی | ٢,٠٠ | ٠,٤٨٢ | | |
| | پەیمانگا | ٢,١١ | ٠,٣٥٥ | | |
| | زانکۆ | ١,٩٩ | ٠,٥٠٤ | | |
| | خوێندنی بالا | ٢,١٠ | ٠,٢٠٦ | | |



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ج: جیاوازی ئاماری بەگوێرەی گۆڕاوی ماوەی تەماشاکردنی تەلەفزیۆن:

لە رێگەی تاقیکردنەوەی "ف" دەردەکەوێت کە لە تەوەرەی یەکەمدا کە تایبەتە بە کاریگەرێتی بەرنامەکان لەسەر لایەنی مەعریفی ژنان هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت لە وەڵامی لێتوێژەراندا بە بەپێی گۆڕاوی ماوەی تەماشاکردنی تەلەفزیۆن، بەڵام لە تەوەرەی دووەمدا کە تایبەتە بەکاریگەرێتی ویژدانی جیاوازی بەدی دەکرێت بەو پێیەی بەهای ئاماژە ٠,٠٤ ئەمەش کەمترە لە بەهای خشتەیی، دوای تاقیکردنەوەی (**LSD**) دەردەکەوێت ئەوانەی لە ٢ کاتژمێر کەمتر تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن کەمتر بەرنامەکان کاریگەرێتی لەسەر دروست کردوون، بەهەمان شێوە لە تەوەرەی سێەمدا جیاوازی بەدی دەکرێت لەوەڵامی لێتوێژەراندا بەگوێرەی گۆڕاوی ماوەی تەماشاکردنی تەلەفزیۆن بەو پێیەی بەهای ئاماژە دەکاتی ٠,٠٠ کە ئەمەش کەمترە لە بەهای خشتەیی کە٠,٠٥بەرەو سەرەوەیە ، دوای تاقیکردنەوەی (**LSD**)دەردەکەوێت جیاوازییەکان لە بەرژوەندی ئەوانەن کە ٢ - ٤ کاتژمێر و ٤ کاتژمێر بەرەو سەرەوە تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت ئەوانەی زیاتر تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن زیاتر کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بەمێینەیان لەسەرە لە پرسی بەرەنگاربونەوەی توندو تیژی دژ بە ژنان، بڕوانە خشتەی(١٠).

خشتەی (١٠): خستنەرووی جیاوازی ئاماری بەگوێرەی اوەی تەاشاکردنی تەلەفزیۆن

| تەوەرەکان | ماوەی تەماشاکردنی تەلەفزیۆن | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ف) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لەسەر لایەنی مەعریفی ژنان | کەمتر لە ٢ کاتژمێر | ٢,٠٠ | ٠,٥١٥ | ٠,٩٩٢ | ٠,٣٧ |
| | 2-4کاتژمێر | ٢,١٨٥ | ٠,٤٤١ | | |
| | زیاتر لە ٤ کاتژمێر | ٢,١١ | ٠,٤٤٩ | | |
| کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لەسەر لایەنی ویژدانی ژنان | کەمتر لە ٢ کاتژمێر | ٢,٠١ | ٠,٤٠٢ | ٣,١١٨ | ٠,٠٤ |
| | 2-4کاتژمێر | ٢,٢٤ | ٠,٣٤٢ | | |
| | زیاتر لە ٤ کاتژمێر | ٢,٠٩ | ٠,٤٧٨ | | |
| کاریگەرێتی بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لەسەر رەفتاری ژنان | کەمتر لە ٢ کاتژمێر | ١,٨٤ | ٠,٤٦٢ | ٨,١٠٠ | ٠,٠٠ |
| | 2-4کاتژمێر | ٢,٢١ | ٠,٦٣١ | | |
| | زیاتر لە ٤ کاتژمێر | ٢,١٦ | ٠,٤٥٠ | | |

**دەرەنجام:**

دوای تاوتوێکردنی ئەنجامی توێژینەوەکە توێژەران گەیشتونەتە ئەم دەرەنجامان:

١- بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لە کەناڵە کوردییەکاندا، تا ئەندازەیەکی باش لەلایەن ئەو ژنانەوە تەماشـا دەکرێن کە لە رێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنیدا کاردەکەن ، بەڵام هەندێکیشـیان تێبینییان لەسـەر ئەو بەرنامانە هەی کە وایکردووە لەو بەرنامانە بەدووربن، دیارترین ئەو تێبینیانەش ئەو بەرنامانە لە ئاستی پێویستدا نییەو نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی باش گوزارشت لە خەمی ژنان بکەن.

٢- ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی تایبەت بە مێینە لەکەناڵە کوردییەکان بە ئاستێکی مام ناوەند سەبارەت بە پرسی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی کاریگەرێتی کردۆتە سـەر ژنان، ئەمەش نیشـانەی ئەوەیە ئەو بەرنامانە بە ئەندازەیەکی زۆر نەیانتوانیوە سەبارەت بە کەیسەکانی توندوتیژی دژ بەژنان کاریگەرێتی دروست بکەن.

٣- بەرنامەکانی تایبەت بە رەگەزی مێینە لەسەر ئاستی مەعریفی ژنان لە پرسەکانی پەیوەست بەو توندوتیژیانەی بەرامبەریان دەکرێت بەشێوەیەکی مام ناوەند کاریگەرێـی دروست کردووە، بەتایبەت لە بە ئاگاهێنانیان لەو روداوانەی پەیوەسـتن بە توندوتیژی دژ بەژنان، بەڵام لە ئاشـناکردنیان بە رێگاچارەکانی بۆ روبەرووبونەوەی ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەریان دەکرێن بە بەراورد لەگەڵ بوارە مەعریفییەکانی دیکەدا کاریگەرێتییەکەی کەمتربووە.

٤- دیارترین بابەت کە بەرنامەکان بڵاویان کردۆتەوەو کاریگەرێتی کردۆتەسەر لایەنی ویژدانی ژنان و ئاسودەیی پێ بەخشـیون بابەتەکانی پەیوەسـت بەسـزادانی ئەنجامدەرانی توندوتیژی دژ بەژنان بووە، بەڵام ئەو میوانانەن ئەو بەرنـامـانە بـانگێشــتیـان کردوون کەمترین کـاریگەرێتییـان لەســەر لایەنی ویژدانی ژنـان هەبووە بە بەراورد لەگەڵ بوارەکانی تردا.

٥- بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لە هەندێ بواری تایبەتدا توانیویەتی بە ئاســتێکی مام ناوەند کاریگەرێتی بکاتە سەر رەفتاری ژنان، بەڵام زۆربەی ژنانی رێکخراوەکانەوە ئەو بەرنامانە پێویستیان بە خۆداچونەوە خۆ بەرەو پێشبردنە چونکە لە ئێستادا زۆربەی ئەو بەرنامانە لە ئاستی وادا نییە کە ئەوانیش لای خۆیانەوە جارێکی تر لە ئەکاوتنی خۆیان لە سۆشیال میدیا بڵاوی بکەنەوە.

٦- ئەو ژنـانەی تەمەنیـان لە ٤٢ ســاڵ بەرەو ســەرەوەیە، بە بەراود لەگەڵ لەگەڵ خوار تەمەنی خۆیـان ، زیـاتر بەرنامەکانی تایبەت بەمێینە کاریگەرێتی لەســەر رەفتاریان هەبووە، ئەمەش رەنگە بۆ ئەوە بگەرێتەوە ئەو تەمەنە بوارو ئـامـادەگی هزری زیـاتریـان بۆ رەخســابێـت، تـا بە شــێوەیەی کردەیی و بە رەفتـار بەشــداری چـالاکییەکـانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان بکەن.

٧- ئەو ژنانەی زیاتر بە دیار تەلەفزیۆنەکانەوەن و زۆرترین بە دواداچونیان بۆ بەرنامەکانی هەیە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو ژنانەی کەمتر تەماشــای تەلەفزیۆن دەکەن، بەرنامەکانی تایبەت بەمێینە کاریگەرێتی زیاتری لەســەر دروســت کردوون بەتایبەت لە ســەر لایەنی ویژدانی و رەفتارییان، ئەمەش ســەلماندنی ئەوەیە کە تا ژنان زیاتر بەرکەوتیان لەگەڵ بەرنامەکان هەبێت کارگەری زیاتریان لەسەر دروست دەبێت.

**پێشنیاز:**

١- گەشە پێدان و بەرەو پێشبردنی زیاتری بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە لەکەناڵە کوردییەکاندا بە تایبەت لە رووی ناوەرۆک و فۆرمەوە تا ئەو بەرنامانە بەشێوەیەکی تازەتر و سەرنجراکێشتر پەخش بکرێت.

٢- پێویستی گرنگیدانی بەرنامەکانی تایبەت بەمێینە بەهەندێ پرس کە جێگەی گرنگی ژنانن لە بواری بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی، بەتایبەت ئاشناکردنیان بە رێگاچارەکان بۆ روبەڕووبونەوەی ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەر دەکرێن.

٣-گرنگیدانی زیاتر بە کوالیتی ئەو میوانانەی ئەو بەرنامانە بانگێشتیان دەکەن بۆ شیکردنەوەو راڤەکردنی پرسەکانی پەیوەست بەتوندوتیژی دژ بەژنان، بەو پێیەی رەگەزی میوان لەو جۆرە بەرنامانەدا دەتوانێت کاریگەرییەکی زۆر بکاتە سەر ژنان و لە پرسی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی هۆشیاریان بکاتەوە.

٤- پێویستە ئامادەکارانی بەرنامەکانی تایبەت بە مێینە، زۆرترین هەماهەنگی و پەیوەندی لەگەڵ ژنانی رێکخراوەکان دروست بکەن تا ئەوانیش لای خۆیانەوە لە ئەکاونتەکانی تایبەت بە خۆیان لە سۆشیال میدیا ئەو بەرنامانەی دووبارە بڵاو بکەنەوە، تا بتوانن کاریگەرێتی زیاتر دروست بکەن

**سەرچاوەکان:**

**کتێب بە زمانی عەرەبی:**

١- ابراهيم عمر يحياوي، تأثير تكنولوجيا الاعلام والاتصـــال على العملية التعليمية في الجزائر،عمان، دار اليازوري ، ٢٠١٦

٢- احسان محمد الحسن ،علم اجتماع العنف و الارهاب، دراسة تحليلية في الارهاب و العنف السياسي و الاجتماعي، عمان، دار الوائل للنشرو التوزيع،٢٠٠٨ .

٣- احسان محمد حسن ، رواد الفكر الاجتماعي ، بغداد، دار الحكمة، ١٩٩١

٤- جمال معتوق ، مدخل الى سوسيولوجيا العنف، القاهرة، دار الكتاب الحديث، ٢٠١٢.

٥- حسـين توفيق ابراهيم، ظاهرة عنف السـياسـي في النظم العربية، مركز دراسـات الوحدة العربية، بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٩٩.

٦- كرم شلبي، معجم المصطلحات الاعلامية، بيروت ، دار الجيل ، الطبعة الثانية، ١٩٩٤

٧- محمد نور فرحات ، ملاحظات حول بعض مشاهد العنف في المجتمع المصري، القاهرة، دار الثقافة، ٢٠٠٥

٨- محمود الرشيدي، العنف في جرائم الانترنيت، القاهرة، دار المصرية اللبنانية، ٢٠١١.

٩- منال محمد عباس ،العنف الاسري رؤية سوسيولوجية الأسكندرية ،، دار المعرفة الجامعية، ٢٠١١

١٠-نها عبد المقصود، نظرية الاعتماد على وسائل الاعلام الاسس و المنطلقات، القاهرة، المعهد المصري للدراسات، ٢٠١٨

١١- هشام البسطويسي، العنف الأسري بين الوقاية والمواجهة، عن كتاب قانون لمواجهة العنف ضد النساء الفلسفة، الاستراتيجيات والخطوات العملية، عمان، مؤسسة هينرش بل الألمانيية، ٢٠١٧.

**کتێت بەزمانی کوردی**

١- چنور فەتحی، توندوتیژی بنەماڵەیی، سلێمانی ، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان، ٢٠٠٩.

٢- سەیران عەبدوڵ ، کاریگەری هۆکاری توندوتیژی لەسەر ژنان، سلێمانی ،لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری تەوار، ٢٠٠٨ .

٣ - کاوە امین، توندوتیژی بەرامبەر ژنان لە کۆمەڵگای سویدی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر،٢٠١٢.

٤- کنێر عەبدوڵا، ژن و توندوتیژی ، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٨.

٥- کنێر عەبدوڵا، توندوتیژی وەزیفی دژ بە ژنان لە فەرمانگە حکومیەکاندا، سـلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشـی سەردەم ، ٢٠٠٧.

٦- هادی محمود ، ، توندوتیژی دژ بە ژنان ، و: جەمیلە شێخ محمود، سلێمامی ، ڕێکخراوی ئاسودە، ٢٠٠٢.

**تێزە زانکۆییەکان:**

١- حاجي ليلى، أراء المرأة نحو ظاهرة العنف ضـد المرأة في برنامج (عندما نقلك)، دارسـة ميدانية على عينة من النسـاء المتابعين للبرنامج بمدينة تقرت، رسـالة ماجسـتير، قسـم علوم الإعلام والاتصـال، كلية العلوم الإنسـانية والاجتماعية ،جامعـة قاصـدي مربـاح ورقلـة في الجزائر، ٢٠١٧.

٢- حسـنين ابراهيم وفيق، ظاهرة العنف السـياسـي في نظم العربية، ، اطروحة دكتوراه ، القاهرة، مركز دراسـات الوحدة العربية، ١٩٩٢

٣- حمادي كنزة، البرامج الموجهة للمرأة في الفضـــائيات العربية برنامج "كلام نواعم" نموذجا دارســـة ميدانية بـــــمدينة باتنة، رســالة ماجســتير، قســم علوم الإعلام والاتصــال، كلية العلوم الإنســانية و الاجتماعية، جامعة العربي التبسي -تبسة في الجزائر، ٢٠١٦.

٤- السـعيد بومعيزة، اثر وسـائل الاعلام على القيم والسـلوكيات لدى الشـباب،رسـالة ماجسـتير، جامعة الجزائر كلية العلوم السياسية والاعلام، قسم علوم الاتصال، ٢٠٠٥

٥- عايب كوثر، دور البرامج التلفزيونية النسـائية في ترتيب أولويات المرأة تجاه مختلف القضـايا دارسـة ميدانية لعينة من طالبات قســم العلوم الإنســانية، رســالة ماجســتير، قســم علوم الإعلام والاتصــال ، كلية العلوم الإنســانية و الاجتماعية ، جامعة العربي التبسي -تبسة في الجزائر، ٢٠١٦.

٦- كبير حنـان، واقع البرامج التلفزيونية في معالجة العنف ضد المرأة دراسة إستطلاعية على عينة من طلبة قسم الإعلام و الإتصال برنامج خط أحمر أنموذجا، رسالة ماجستير، قسم اتصال و صحافة مكتوبة، كلية العلوم الإجتماعية و الإنسانية تخصص ، جامعة د .مولاي الطاهر سعيدة في الجزائر، ٢٠١٦.

**توێژینەوەو پەراوە زانستییەکان:**

١- م. زينب ليث عباس، الصــورة الذهنية للجمهور إزاء ظاهرة العنف ضــد المرأة في القنوات الفضــائية، مجلة كلية التربية الاسـاسـية، مجلة علمية محكمة تصـدرمن قبل كلية التربية في جامعة المسـتنصـرية ، العدد السـابع و السـبعون، ٢٠١٢.

٢- حســـينى وليد، البرامج الحوارية في القنوات الفضـــائية الجزائرية، مجلة الدراســـات الاعلامية، برلين، المركز الديمقراطي العربي العدد الثالث، يونيو ٢٠١٨.

**بەزمانی کوردی:**

١- د.شـــێرکۆ جەبار، وێنەی ژن لە نێوان واقع و تەرزگەرایی جێندەری لە میدیای کوردیدا، پەراوێکی توێژنەوەییە پێشکەشکرا بە یەکەمین سیمپۆزمی هاوبەشی هەردوو سەنتەری توێژنەوەی جێندەری زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی و زانکۆی جیهان لە بارەی پرسی ژن لە کایەکانی میدیا و ئابووری و یاساو رامیاریدا، ٢٠١٩.

**گۆڤار :**

١- نەسرین کوردە، توندوتیژی دژ بە ژنان ، گۆڤاری تەوار،سلێمانی، ژمارە ٢٤، ساڵی ٢٠٠٨ .